مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٨

# اكتساب المهارات التعليمية وعلاقتها بالتشتت الانتباه لدى تلاميذ الصف الأول الابتدائي،الذين الملتحقين وغير الملتحقين برياض الأطفال

م.م. كوردستان عزيز سليمان
قسم رياض الأطفال- كلية التربية الأساسية- جامعة صلاح الدين – أربيل، إقليم كوردستان -عيراق
kurdistan.sulaiman@su.edu.krd

**الكلمات المفتاحية**: اكتساب المهارات التعليمية، تشتت الانتباه، تلاميذ الصف الأول الابتدائية

**كيفية اقتباس البحث**
سليمان , كوردستان عزيز , اكتساب المهارات التعليمية وعلاقتها بالتشتت الانتباه لدى تلاميذ الصف الأول الابتدائي،الذين الملتحقين وغير الملتحقين برياض الأطفال ,مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، آب ٢٠٢٦, المجلد:١٦ ,العدد:٨ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

مفهرسة في Indexed
IASJ

مسجلة في Registered
ROAD

**Acquiring educational skills and their relationship to attention deficit among first-grade students, both those enrolled and those not enrolled in kindergarten.**

**Kurdistan Azeez Sulaiman**
Assistant Lecture
kurdistan.sulaiman@su.edu.krd

**Keywords** : acquiring instructional skills, attention distraction, first-grade basic school students

**How To Cite This Article**

Sulaiman , Kurdistan Azeez , Acquiring educational skills and their relationship to attention deficit among first-grade students, both those enrolled and those not enrolled in kindergarten. ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, August 2026,Volume:16, Issue 8.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

## Abstract

The objectives of this study are to identify the level of acquiring instructional skills and attention distraction among first-grade basic school students, and to know the statistically significant differences in the level of acquiring instructional skills and attention distraction among first-grade basic school students according to the variable of kindergarten enrollment (enrolled - non-enrolled) and the variable of gender (male - female), and to know the relationship between acquiring instructional skills and attention distraction among first-grade basic school students. In this study, the descriptive correlational method was used. The study sample consisted of (158) first-grade basic school teachers in the Erbil Central Directorate of Education for the academic year (2025-2026), who were selected purposively. The study relied on the scales of (Bartawi, 2024) for acquiring instructional skills, which consists of (18) items, and the scale of (Mohammad, 2021) for attention distraction, which consists of (34) items. After using the statistical tools consisting of (percentage, t-

test for one sample, t-test for two independent samples, Pearson correlation coefficient), through the statistical program (SPSS) to analyze the data, the study reached the following results:

1. First-grade basic school students have a high level of acquiring instructional skills.
2. First-grade basic school students have a noticeable level of attention distraction.
3. There is a statistically significant difference in the level of acquiring instructional skills and attention distraction among first-grade basic school students according to the variable of kindergarten enrollment, in favor of enrolled students for the instructional skills acquisition scale, and in favor of non-enrolled students for the attention distraction scale.
4. There is no statistically significant difference in the level of acquiring instructional skills and attention distraction among first-grade basic school students according to the gender variable (male - female).
5. There is a relationship between acquiring instructional skills and attention distraction among first-grade basic school students.

In light of the above results, the researcher presented several recommendations and suggestions.

الملخص

هدفت البحث الحالي الى التعرف على اكتساب المهارات التعليمية وتشتت الانتباه لدى تلاميذ الصف الأول الابتدائية، التعرف على الفروق ذات الدلالة الاحصائية في اكتساب المهارات التعليمية و وتشتت الانتباه لدى تلاميذ الصف الأول الابتدائية، وفق متغير الملتحقين وغير الملتحقين برياض الأطفال و متغير الجنس (الذكور، الاناث) التعرف العلاقة الارتباطية بين اكتساب المهارات التعليمية وتشتت الانتباه لدى تلاميذ الصف الأول الابتدائية، تم استخدام المنهج الوصفي الارتباطي. حيث تكونت عينة البحث من (١٥٨) معلمة الصف الأول الابتدائية في مديرية تربية أربيل المركزية للعام الدراسي (٢٠٢٥-٢٠٢٦)، وتم اختيارهم بالطريقة القصدية . ولتحقيق اهداف البحث تم الاعتماد على مقياس (برتاوي ٢٠٢٤) اكتساب المهارات التعليمية والمكون من (١٨) فقرة، ومقياس (محمد،٢٠٢١) لتشتت الانتباه والمكون من (٣٤) فقرة. وباستخدام الأدوات الإحصائية كالنسبة المئوية، واختبار (ت) لعينة واحدة واختبار (ت) لعينتين مستقلتين، ومعامل ارتباط بيرسون، ومن خلال البرنامج الإحصائي **(SPSS)** لتحليل البيانات، توصلت البحث إلى النتائج التالية:

١. يتمتع تلاميذ الصف الأول الابتدائي بمستوى عال من اكتساب المهارات التعلمية.
٢. إلى حد ما، يعاني تلاميذ الصف الأول الابتدائي من تشتت الانتباه.
٣. يوجد فرق ذو دلالة إحصائية في مستوى اكتساب مهارات التعلم وتشتت الانتباه لدى تلاميذ الصف الأول الابتدائي متغير الملتحقين وغير الملتحقين برياض الأطفال. لصالح المتغير

« الملتحقين » في قياس اكتساب المهارات التعلمية، وضد المتغير « وغير الملتحقين » في قياس تشتت الانتباه.

٤. لا يوجد فرق ذو دلالة إحصائية في مستوى اكتساب المهارات التعليمية وتشتت الانتباه لدى تلاميذ الصف الأول الابتدائي وفقا لمتغير الجنس (الذكور - الاناث).

٥. توجد علاقة بين اكتساب المهارات التعلمية وتشتت الانتباه لدى تلاميذ الصف الأول الابتدائي، لصالح اكتساب المهارات التعليمية.

وفي ضوء هذه النتائج قدم الباحثة بعض التوصيات والمقترحات.

بەدەستهێنانی کارامەییەفێرکارییەکان و پەیوەندی بەپەرتبونی سەرنج لای قوتابیانی پۆلی یەکەمی بنەڕەتی،پەیوەندیکراو وپەیوەندینەکراو بەباخچەی منداڵانەوە

م.ی. کوردستان عزیز سلیمان
kurdistan.sulaiman@su.edu.krd
بەشی باخچەی منداڵان، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر، هەرێمی کوردستان عێراق.

پوختە

ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە: زانینی ئاستی بەدەستهێنانی کارامەییە فێرکارییەکان و پەرتبونی سەرنج لای قوتابیانی پۆلی یەکەمی بنەڕەتی ، و زانینی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی بەدەستهێنانی کارامەییە فێرکارییەکان و پەرتبونی سەرنج لای قوتابیانی پۆلی یەکەمی بنەڕەتی بەپێی گۆڕاوی، پەیوەندیکراو - پەیوەندینەکراو، بە باخچەی منداڵان، گۆڕاوی ڕەگەز (کوڕ- کچ) زانینی پەیوەندی نێوان بەدەستهێنانی کارامەییە فێرکارییەکان و پەرتبونی سەرنج لای قوتابیانی پۆلی یەکەمی بنەڕەتی، لە توێژینەوەکەدا میتۆدی وەسفی پەیوەندی بەکارهێنراوە. نموونەی توێژینەوە پێکهاتووە لە مامۆستایانی پۆلی یەکەمی بنەڕەتی لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ناوەندی هەولێر بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٥-٢٠٢٦) ، کە ژمارەیان (١٥٨) مامۆستا بووکە بە شێوەی مەبەستدار هەڵبژێردران. لە توێژینەوەکەدا پشت بەستراوە بە پێوەرەکانی (برتاوي ٢٠٢٤) بۆ بەدەستهێنانی کارامەییە فێرکارییەکان کە لە (١٨) برگە پێکهاتووە، و پێوەری (محمد، ٢٠٢١)بۆ پەرتبونی سەرنج کە لە (٣٤) برگە پێکهاتووە، دوای بەکارهێنانی ئامرازە ئامارییەکان کە پێکهاتبوون لە (ڕێژەی سەدی، تاقیکردنەوەی تی (t.test) بۆ یەك نموونە و تاقیکردنەوەی تی (t.test) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ، هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن)، لە ڕێگەی بەرنامەی ئاماری (SPSS) بۆ شیکارکردنی داتاکان، توێژینەوەکە گەیشت بەم ئەنجامانەی خوارەوە :

١. قوتابیانی پۆلی یەکەمی بنەڕەتی ئاستێکی بەرزیان لە بەدەستهێنانی کارامەییەفێرکارییەکان هەیە.

٢. قوتابیانی پۆلی یەکەمی بنەڕەتی ئاستێکی بەرچاوی پەرتبوونی سەرنجیان هەیە.

٣. هەبوونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی بەدەستهێنانی کارامەییە فێرکارییەکان و پەرتبونی سەرنج لای قوتابیانی پۆلی یەکەمی بنەڕەتی بەپێی گۆڕاوی، پەیوەندیکراو -

پەیوەندینەکراو،بە باخچەی منداڵان. لەبەرژەوەندی پەیوەندیکراوەبۆپێوەری بەدەستهێنانی کارامەییە فێرکارییەکان لەبەرژەوەندی پەیوەندینەکراوەبۆپێوەری پەرتبونی سەرنج.

٤. نەبوونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی بەدەستهێنانی کارامەییە فێرکارییەکان و پەرتبونی سەرنج لای قوتابیانی پۆلی یەکەمی بنەڕەتی بەپێی گۆڕاوی، ڕەگەز (کوڕ- کچ).

٥. پەیوەندی لە نێوان بەدەستهێنانی کارامەییە فێرکارییەکان و پەرتبونی سەرنج لای قوتابیانی پۆلی یەکەمی بنەڕەتی هەیە، پەیوەندییەکە لەبەرژەوەندی بەدەستهێنانی کارامەییە فێرکارییەکانە

لە ژێر ڕۆشنایی ئەو ئەنجامانەی سەرەوەش، توێژەر چەند ڕسپاردە و پێشنیازێکیان خستەڕوو.

کلیلە وشەکان : بەدەستهێنانی کارامەییە فێرکارییەکان ، پەرتبونی سەرنج ، قوتابیانی پۆلی یەکەمی بنەڕەتی

## بەشی یەکەم

ناساندنی توێژینەوەکە

- گرفتی توێژینەوەکە
- گرنگی توێژینەوەکە
- ئامانجی توێژینەوەکە
- سنووری توێژینەوەکە
- پێناسەی زاراوەکان

١: ناساندنی توێژینەوەکە :

١-١: گرفتی توێژینەوەکە : (مشكلة البحث )

باخچەی منداڵان لانکی پێگەیاندنی پەروەردەی منداڵ، وبەسەرەکیترین وگرنگترین قۆناغی پەروەردەی منداڵ دادەنرێت، وەک بەردی بناغە-یەکەیەکی بنەڕەتی ڕۆڵ دەگرێت لە: گەشە و نما و پێگەیشتن و شکڵگرتنی کەسێتی منداڵ، لە ڕووی تایبەتمەندی و کوالێتی ،ئامادەکردنی منداڵ بۆ قۆناغێکی نوێ و ژینگەیەکی جیاوازتر کە قوتابخانەیە، منداڵ لەباخچە فێری بنەما سەرەتاییەکانی کارامەییە فێرکارییەکان دەکرێت، چونکە ئەم قۆناغەدا بەبنچینەی سەرەکیی فێربوونی منداڵان لە بواری خوێندنەوە، نووسین و جەمکە بیرکارییەکان دادەنرێت. سەرکەوتن یان نەسەرکەوتنی منداڵ لە قۆناغەکانی دواتر بە شێوەیەکی زۆر بەستراوە بە ئاستی فێرکردنی ئەم کارامەییانە لەم قۆناغەدا. هۆکاری بونیادنانی ئایندەیەکی گەش و پڕشنگدار بۆ وڵات ،هەربۆیە هەر گەل و وڵاتێک، باخچە و سیستەمی پەروەردەکەی تەندروست و پێشکەوتوو بێت، داهاتووەکەی ڕوونە، بە پێچەوانەشەوە گەر باخچە و سیستەمی پەروەردەی هەر وڵاتێک دواکەوتوو بێت، لە قەیراندا بێت، ئەو وڵاتە چاوەڕوانی داهاتوویەکی پڕشنگداری لێناکرێت.

ژمارەیەکی زۆرقوتابیان لەتەمەنی دەستپێکی قوتابخانە بەدەست کێشەی پەرتبونی سەرنج دەناڵێنن، زۆرجاریش ناناسرێنەوە یان بە هەڵە دەستنیشان دەکرێن. ئەمەش دەبێتە هۆی دابەزینی ئاستی ئەکادیمی وکەمبوونەوەی متمانە بەخۆبوون و خراپی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان. هەربۆیە قۆناغی خوێندنی بنەڕەتی بەیەکێکە لە قۆناغە گرنگەکانی خوێندن

دادەنرێت، بەو پێیەی لەم ماوەیەدا کۆمەڵێک کارامەیی فێرکاریی بەدەست دەهێنن. ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێڕێت لە فێربوون لەپۆلەکانی داهاتووی. بەڵام ڕەنگە هەندێک لە قوتابیان لەم قۆناغەدا تووشی کێشە بین، کە گرنگە زوو چارەسەر بکرێت بۆ ئەوەی کاریگەری نەرێنی لەسەر گەشەکردنیان نەبێت. لە گرنگترین ئەو کێشانەدا پەرتبونی سەرنجە بۆیە زۆر گرنگە کە بە شێوەیەکی زانستی و سیستماتیکی لەم کێشەیە بکۆڵرێتەوە.(عبدالرحمن،٢٠٢٥،ص٣١) .

مامۆستای قۆناغی بنەڕەتی بەکۆڵەکەی پرۆسەی پەروەردەیی دادەنرێت، چونکە کارەکەی تەنیا بە پەروەردەی منداڵەوە سنووردار نییە، بەڵکو دایەن و دایکی دووەمی منداڵەکەیە، لە پلەی یەکەمدا و کاریگەری لەسەر قوتابی تەنها نەوەستاوە، بەلکو لەسەر کارامەیی و هونەری و فێربوونی سەرچاوە زانستییەکان وئاراستە و بیروباوەریان سەرچاوە دەگرێت، ڕەنگدانەوەی لەسەر منداڵان دەبێت، کە مامۆستایانی خۆیان بە پێشەنگ و نموونەی باڵا دەزانن ، هەربۆیە دامەزراوەکانی ئامادەکردنی مامۆستایان پێویستە کۆمەلێك خەسڵەتی لێدەربکەوێت، کە جیای بکاتەوە لە هەر مامۆستایەکی دیکە، لەوانەش خەسڵەتەکانی هەڵچوون وەکو: مامۆستا توانای هەبێت، پەیوەندی کۆمەڵایەتی ئەرێنی لەگەڵ گەورە و بچووك دروست بکات، هەروەها هاوسەنگی هەڵچوونی، هەبێت کە پێویستە لەسەرەخۆ و ئارام و هێدی بێت و بتوانێت بەرپرسیارێتی هەڵبگرێت و بەرەنگاری ئالنگارییەکان ببێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا قبوولی ڕەخنە بکات و خاوەن کەسایەتییەکی نەرم و جیاواز بێت سەبارەت بە پرۆگرامی ڕۆژانەی و کارکردنی لەگەڵ قوتابیان. بۆیە گرفتی توێژینەوەکە خۆی لە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەی خوارەوەدا دەبینێتەوە :

١. ئایا ئاستی بەدەستهێنانی کارامەییە فێرکارییەکان لای قوتابیانی پۆلی یەکەمی بنەڕەتی چەندە؟
٢. ئایا ئاستی پەرتبونی سەرنج لای قوتابیانی پۆلی یەکەمی بنەڕەتی چەندە؟
٣. ئایا جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی بەدەستهێنانی کارامەییە فێرکارییەکان لای قوتابیانی پۆلی یەکەمی بنەڕەتی بەپێی گۆڕاوی،
   أ . پەیوەندیکراو - پەیوەندینەکراو، بە باخچەی منداڵان .
   ب . ڕەگەز (کوڕ- کچ) .
٤. ئایا جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی پەرتبونی سەرنج، لای قوتابیانی پۆلی یەکەمی بنەڕەتی بەپێی گۆڕاوی،
   أ . پەیوەندیکراو - پەیوەندینەکراو، بە باخچەی منداڵان .
   ب . ڕەگەز (کوڕ- کچ) .
٥. ئایا پەیوەندی لە نێوان بەدەستهێنانی کارامەییە فێرکارییەکان و پەرتبونی سەرنج لای قوتابیانی پۆلی یەکەمی بنەڕەتی .

١-٢: گرنگی توێژینەوەکە : (أهمية البحث)

"باخچەی منداڵان" و "قوتابخانەی بنەڕەتی" دوو یەکەی بنچینەین، ڕۆڵی تەواوکاری دەگێڕن، بۆئەوەی بەپەروەردەیەکی باشی ئاست بەرز، نەوەیەکی لێهاتووپێبگەیەنن نەوەیەک بەوپەڕی ڕەوشت بەرزی و نیشتمان پەروەرییەوە لە هەموو کایەکانی وڵات، خزمەتگوزار بن لە بوارەکانی: "سیاسەت ، پزیشکی، پەروەردەیی ، تەلارسازی، کوشتوکاڵ و پیشەسازی..."؛ هەربۆیە دەزگایەک بەم گرنگی و هەستیارییەی، جێگەی خۆیەتی کەسێک سەرکردایەتی بکات، پێوەربێت.(محی الدین، ٢٠٢٤ ل٢٤٢).

پرۆسەی پەروەردە وفێرکردن، جیا لەهەموو لایەنەکانی تری ژیان، بە ئالۆزترین وگرنگترین پرۆسەکانی ژیان دادەنرێت، چونکە لە لایەک پەیوەندی بەخودی تاکی کۆمەڵگەوە هەیە، لەلایەکی تر، خاڵی یەکەمی دەست پێکردنی بەرەوپێشچوون وگەشەکردن وبنیادنانی ژیان وشارستانیەتە ، ئەگەر بمانەوێت خۆمان و میللەتەکەمان بەرەو پێش ببەین، دەبێت لەناو قوتابخانەوە دەست پێ بکەین، لە قوتابخانەکانیش، پێویستە نەخشە وپلانەکان لەقۆناغی باخچەی منداڵانەوەدەست پێبکات.(محمد ،٢٠١١ ل ٤)

بەدەستهێنانی کارامەییە فێرکارییەکان لەباخچەی منداڵان، بەشداری لە دروستکردنی ژینگەیەکی لەبار، و شێوازەکانی وانەوتنەوە دەکات، ڕاستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر بەشداریکردنی قوتابیان لەگەڵ ناوەڕۆکەکەدا هەیە. ئەم کارامەییانە نوێنەرایەتی ئەو بناغەیە دەکەن کە قوتابیان لەدوای قۆناغی باخچە، پشتی پێدەبەستن بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکان بە شێوەیەکی کارا و کاریگەر. کارامەییە فێرکارییەکان یارمەتیدەرە بۆ بەرزکردنەوەی دەستکەوتی ئەکادیمی، زیادکردنی پاڵنەر و بیرکردنەوە شیکردنەوەی پیت و وشەو ڕستەکان لەقۆناغی بنەڕەتی بەتایبەت پۆلی یەکەمی بنەڕەتی (هزایمە،٢٠٢٥،ص٦٢٧).

تایبەتمەندییەکانی ئەو کارامەییانە و پەیوەندییان بە لایەنە جۆراوجۆرەکانی فێربون وفێرکرنەوە ،ڕەنگە لە توێژینەوەکانی کوردییەکان سنووردار بێت، جگە لە چەند توێژەرێکی کەم. ئەم توێژینەوەیە ئامانجی ئاشکراکردنی ئاستی کارامەیی فێرکارییەکانی لە(خوێندنەوە ،نوسین، چەمکە بیرکارییەکان) ە ،تایبەتە بە منداڵانی پێش قوتابخانە، ئەو ڕۆڵەی کە دەیگێڕن لە بوارە ئەکادیمییەکان و ئامادەییان بۆ قوتابخانە. ڕەنگە وەزارەتی پەروەردە لەم لێکۆڵینەوەیەدا کەڵک وەربگیرێت، بە لەبەرچاوگرتنی سەرچاوە پەروەردەیی، مادیەکان و مرۆییەکان کە پشتگیری گەشەکردن و کارامەیی پەروەردەیی تایبەت دەکەن، لەوانەش توێژی مامۆستا، هەر بۆیە مامۆستایان ئاراستە دەکەین بۆ گرنگی چالاکیەکانی ڕۆژانەو توانای کارامەیی فێرکارییەکانی لە منداڵانی پێش قوتابخانەدا. (السفياني،٢٠٢١،ص٤١٨).

قۆتابخانە، گرنگی بەو دەستکەتانە دەدات کە قوتابیان لە قۆناغی باخچەی منداڵانەوە بەدەستیان هێناوە هەر بۆیەش کارامەییە فێرکارییەکان هەوڵدەدات گرنگی بەودەستکەوتانە بدات، لەقۆناغی بنەڕەتی بەتایبەت پۆلی یەکەمی بنەڕەتی ڕەنگبداتەوە. جگە لەوەش، هەوڵدەدات گرنگی ئەو پرۆگرامانە نیشان بدات کە باخچەی منداڵان پێشکەشی دەکەن بۆ پەروەردەکردنی منداڵان لە چەمکانی خوێندنەوە و نوسین و چەمکە بیرکارییەکان ئەمەش ئاسانکاری دەکات بۆ گواستنەوەی زانیاری لەباخچەوە بۆ پۆلی یەکەمی بنەڕەتی. (حدادة ٢٠٢٠ص١٢).

قوتابیان زۆربەی جار، ڕووبەرووی چەندین شڵەژان و کێشەی ڕەفتاری دەبنەوە، دەگونجێت هۆکارەکەی ئەندامی بێت یاخود ژینگەیی بێت،کاریگەریی ڕاستەوخۆ لەسەر قوتابی دروستدەکات، بەتایبەت قوتابیانی پۆلی یەکەمی بنەڕەتی کە دەناڵێنن بەدەست کێشەیەکی ڕەفتاری وەک پەرتبونی سەرنج، کەئەمەش دەبێتە ڕێگر لەبەردەم بەخشینی چێژ بەقوتابی پەرتبونی یان تێکچونی سەرنج یەکێکە لەئاستەنگەکان کە دوچاری قوتابی دەبێتەوە، وا دەکات نەتوانێت پەیوەندییەکی باش دروست بکات لەگەڵ ئەو ژینگەیەی تیایدا دەژی ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی توانای شیکردنەوە و وەڵامدانەوەی بۆ ڕوداوەکانی دەوروبەری نەبێت.(سليم ،٢٠٢٢،ل٢)



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 8
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

پەرتبوونی سەرنج لای قوتابیانی بنەڕەتی، ئالینگارییەکە نکۆڵی لێناکرێت، بەتایبەتی لە بەدەستهێنانی کارامەییە فێرکارییەکان، کە بووەتە خێراترین و بەربڵاوترین شێوازی تێکچوونی بیرکردنەوە و پەرتووبلاوی سەرنجی قوتابی، دەکرێت دامەزاوە پەروەردەییەکان ئەم بابەتە بەهەند وەربگرن، پێویستە ئاگاداری ئەم بابەتە بن بۆ دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆی، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە قوتابی ئەو لێهاتووییانە بەدەستدەهێنێت گرنگی بە باشترکردنی چۆنیەتی هەستکردن کێشەکانی جیاوازەکان دەدات لە ڕێگەی دابینکردنی مانا و تێگەیشتن و شیکردنەوە ئەو تواناو کارامەییانەی کە وەریان دەگرێت. تەکنیکەکانی ئەم ئالنگاریە بۆ ئەو کەسانە بەکاردەهێنرێت کە بەدەست تێکچوونی پەرتبون و کەمی سەرنجەوە دەناڵێنن لە شێوەی بەرنامەیەکی ئاسانکراودا کە بەپێی گروپی تەمەنیان وسروشتی تێکچوونەکەیان گونجاوە. ئامانج لێی کورتکردنەوە و کەمکردنەوەی ڕەفتار و نیشانە نەخوازراوەکانە، جێگرەوەیان بە ڕەفتاری دروست کە لەلایەن کۆمەڵگاوە بە خواستراو نازانرێت. گرنگیدان بە قوتابیەک یەکێکە لەو پێوەرە گرنگانەی کە کۆمەڵگاکان لەپێناویدا کێبرکێ دەکەن لە گەشەکردندا، بەتایبەتی کاتێک منداڵ بە سەرەتایی ڕێگاکە بۆ داهاتوو دادەنرێت. (کریم،٢٠٢٤،ص٥٣٤).

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەو ڕۆڵە چارەنووسسازە سەرچاوە دەگرێت کە قوتابخانەی بنەرەتی دەیگێڕێت لە بنیاتنانی بنەما پەروەردەیی و دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانی قوتابیان. هەر بۆیەش پێویستی بە بەهێزکردنی مامۆستایانی ئەم دامەزراوانە هەیە بە کارامەییە سەردەمیەکان ومۆدێرنەکان، کە دیارترینیان کارامەی فێرکارییەکانە، مامۆستایەک توانایی بەدەستهێنانی و گەیاندنی کارامەییە فێرکارییەکانی هەبێت، خاوەنی تواناى تێگەیشتنە لە ژینگەی ناوخۆیی و دەرەکی دامەزراوەکە، شیکردنەوەی ئالنگاری و دەرفەتەکان، هەروەها پەرەپێدانی دیدگا و پلانەکانی داهاتوو کە بەشدارن لە باشترکردنی ئەدای دامەزراوەیی.

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین گرنگی توێژینەوەکە لەم خاڵانەی خوارەوە کورت بکەینەوە:-

١. ئەم توێژینەوەیە تیشك دەخاتە سەر دوو گۆڕاوی گرنگ (کارامەییە فێرکارییەکان و پەرتبونی سەرنج)کە یارمەتیدەرن لە دامەزراوە پەروەردەییەکان تایبەت باخچەی منداڵان و قۆناغی بنەڕەتی.

٢. سودی دەبێت بۆ قوتابیانی دەرچوانی بەشی باخچەی منداڵان لەبواری وانەووتنەوە وبەکارهێنانی ناوەرۆک وچالاکیەکان ئامادەکرنی شێوازی وانەو بابەت بۆ باخچەی منداڵان.

٣. ئەم توێژینەوەیە یەکەم توێژینەوەیە بە زمانی کوردی (بە پێی زانیاری توێژەر)، کە گرنگی بە زانینی پەیوەندی لە نێوان کارامەییە فێرکارییەکان و پەرتبونی سەرنج لای قوتابیانی پۆلی یەکەمی بنەڕەتی دەدات.

٤. ئەم توێژینەوەیە یارمەتیدەردەبێت بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی زیاتر دەربارەی گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە.

٥. هەوڵێکە بۆ دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەکان بە تۆێژینەوی زانستی، کە سوودی بۆ توێژەران هەبێت.

١-٣ : ئامانجەکانی توێژینەوەکە : (اهداف البحث)

١. زانینی ئاستی بەدەستهێنانی کارامەییە فێرکارییەکان لای قوتابیانی پۆلی یەکەمی بنەڕەتی.
٢. زانینی ئاستی پەرتبونی سەرنج لای قوتابیانی پۆلی یەکەمی بنەڕەتی.
٣. زانینی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی بەدەستهێنانی کارامەییە فێرکارییەکان لای قوتابیانی پۆلی یەکەمی بنەڕەتی بەپێی گۆڕاوی،

أ . پەیوەندیکراو - پەیوەندینەکراو، بە باخچەی منداڵان .
ب . ڕەگەز (کوڕ- کچ) .
٤. زانینی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی پەرتبونی سەرنج، لای قوتابیانی پۆلی یەکەمی بنەڕەتی بەپێی گۆڕاوی،
أ . پەیوەندیکراو - پەیوەندینەکراو، بە باخچەی منداڵان .
ب . ڕەگەز (کوڕ- کچ) .
٥. زانینی پەیوەندی لە نێوان بەدەستهێنانی کارامەییە فێرکارییەکان و پەرتبونی سەرنج لای قوتابیانی پۆلی یەکەمی بنەڕەتی .

١-٤ : سنووری توێژینەوەکە : (حدود البحث)

ئەم توێژینەوەیە سنوورداره، بەمامۆستایانی پۆلی یەکەمی بنەڕەتی لە قوتابخانەکانی (مەم، دیمەن، حەمدی، شەوبۆ)ی بنەڕەتی لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ناوەندی هەولێر. بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٥-٢٠٢٦).

١-٥ : پێناسەی زاراوەکان : (تعريف المصطلحات)

١-٥-١ : کارامەییە فێرکارییەکان (المهارات التعليمية)پێناسەکراوە لە لایەن هەر یەك لە:

١- **سلطانی٢٠٢١ :**بریتییە لە کۆمەڵێک چالاکیی و ئامرازی پەروەردەیی کە لە یەکە پەروەردەییەکانی وەک گۆشەی خوێندنەوە، گۆشەی نووسین و گۆشەی چەمکە بیرکارییەکان بەرجەستە کراون. ئەمانە یارمەتی منداڵ دەدەن بۆ پەرەپێدانی لایەنە جیاوازەکانی کەسایەتی و گەیشتن بە ئامانجە جۆراوجۆرەکانی پەروەردەیی، کەمانەن:

**أ. گۆشەی خوێندنەوە :** بریتییە لە توانای منداڵ بۆ جیاکردنەوەی زانیاری بینراو و بیستراو بە بەکارهێنانی چالاکییە هەستیارەکان و ڕاهێنانەکان کە بۆ پەرەپێدانی تواناکانی زمانی منداڵ داڕێژراون.

**ب. گۆشەی نووسین :** بریتییە لە توانای هەستکردن بە دەنگە بیستراوەکان و دەنگە بینراوەکان و پیتەکان لە ڕێگەی چالاکییە هەستیارەکان و ئامرازەکان و کەرەستەکانەوە. منداڵان لەوانەیە شوێنپێهەڵگرتنی دەست لێدان، خەوتن و ئامرازە جۆراوجۆرەکانی تر بەکاربهێنن بۆ پەرەپێدانی تواناکانی زمانیان.

**ج. گۆشەی چەمکە بیرکارییەکان :** بریتین لە کۆمەڵێک کارامەیی بیرکاری سادە کە قوتابی ئامانجی ئەوەیە لە باخچەی منداڵانەوە پەرەی پێبدات، وەک ژماردن و ڕێکخستن.
(سلطانی،٢٠٢١،ص١٢)

٢- **(Judalyn٢٠٢٦):** کارامەییە فێرکارییەکان بریتین لە کۆمەڵێک لێهاتوویی و ڕەفتاری کردەیی کە مامۆستا لە کاتی پرۆسەی فێرکردن و فێربووندا خاوەنییەتی و بەکاریدەهێنێت، بە ئامانجی ئاسانکاری فێربوون و گەیشتن بە ئامانجە پەروەردەییەکان و ڕەچاوکردنی جیاوازییە تاکەکەسییەکانی نێوان قوتابیان، بەتایبەتی لە قۆناغی سەرەتاییدا. (Judalyn٢٠٢٦، ص٣٠٦٤).

پێناسەی تیۆری (کارامەییە فێرکارییەکان) : توێژەر پشتیبەستووە بە پێناسەی (**سلطانی٢٠٢١**)، کە لە سەرەوە ئاماژەی پێکراوە، لەبەر ئەوەی گونجاوترینیانە لەگەڵ پێداویستیەکانی ئەم توێژینەوەیە.

پێناسەی ڕێکاری (کارامەییە فێرکارییەکان) : ئەو نمرە گشتییەیە کە (مامۆستایانی قۆناغی بنەڕەتی) بە دەستی دەهێنن لەسەر پێوەری کارامەییە فێرکارییەکان.

١-٥-٢ : پەرتبونی سەرنج (تشتت الانتباه)پێناسەکراوە لە لایەن هەر یەك لە:

١. (**ZePing Shen,2026**) : تێکچوون لە کۆئەندامی دەماردا، دەبێتە هۆی دروستبوونی کێشە لە کارەکانی مێشک وەک بیرکردنەوە، فێربوون، یادەوەری و ڕەفتار، پێکهاتەی بۆماوەیی لەخۆدەگرن کە کاریگەری هۆکارە ژینگەییەکانیان لەسەرە (**ZePing Shen,2026, P2**)

٢. (**محمد،2021**). بریتییە لە نەتوانینی بەردەوامبوون لەسەر سەرنج یان تەرکیزکردنە سەر وروژێنەرێکی دیاریکراو لە ژینگەکەدا لە کاتێکدا وروژێنەرەکانی تر پشتگوێ دەخرێن؛ منداڵەکە هەست دەکات کە خەریکی تێکشاندنی سەرنج و تەرکیزکردنی خۆیەتی، بەڵام ناتوانێت ئەو کارە بکات، و لە ئەنجامدا خۆی لە هەر ئەرکێک دەپارێزێت کە پێویستی بە سەرنج بێت. کەمی سەرنج یەکێکە لە گرنگترین بەربەستەکان لەبەردەم کارلێکی قوتابییان لەگەڵ ژینگەی دەوروبەریاندا، کە کاریگەری دەکات لەسەر ژیانی پەروەردەیی، ئەکادیمی، قوتابخانەیی.(محمد،٢٠٢١ص٥٢١)

پێناسەی تیۆری (پەرتبونی سەرنج) : توێژەر پشتیبەستوە بە پێناسەی (**محمد،2021**)، کە لە سەرەوە ئاماژەی پێکراوە، لەبەر ئەوەی گونجاوترینیانە لەگەڵ پێداویستیەکانی ئەم توێژینەوەیە.

پێناسەی ڕێکاری (پەرتبونی سەرنج) : ئەو نمرە گشتییەیە کە (مامۆستایانی قۆناغی بنەڕەتی )بە دەستی دەهێنن لەسەر پێوەری پەرتبونی سەرنج.

**١-٥-١ : قوتابیانی پۆلی یەکەمی بنەڕەتی (تلاميذ الصف الأول الابتدائية):**

**قوتابیانی پۆلی یەکەمی بنەڕەتی:** ئەو منداڵەیە کە بۆ یەکەمجار قۆناغی خوێندنی فەرمی لە تەمەنی (٦ ساڵی) دەستپێدەکات .لەم قۆناغەدا، منداڵ لە خولگەی خێزانەوە دەچێتە ناو ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی و زانستی نوێ، و یەکەم هەنگاوەکانی فێربوونی خوێندنەوە، نووسین، و بنەما سەرەتاییەکانی ژیان دەستپێدەکات. (عبود، ١٩٩٤ ص-٢٢٩).

## بەشی دووەم

### چوارچێوەی تیۆری و توێژینەوەکانی پێشوو

٢: چوارچێوەی تیۆری و توێژینەوەکانی پێشوو

٢-١: چوارچێوەی تیۆری

٢-١-١: چەمکی بەدەستهێنانی کارامەییە فێرکارییەکان (مفهوم اكتساب المهارات التعليمية) :

بەدەستهێنانی کارامەییە فێرکارییەکان، یەکێکن لە گرنگترین بنەماکانی پرۆسەی فێربوون، چونکە ڕۆڵێکی کاریگەر لە وەرگرتن و تێگەیشتنی چەمکە گشتییەکان لە تەمەنی زووەوە دەبینن. ئەم کارامەییانە یارمەتی منداڵ دەدەن تاکو بە شێوەیەکی دروست زانیاری و چەمکە نوێیەکان وەربگرێت، تێیان بگات و لە ژیانی ڕۆژانەیدا بە شێوەیەکی کارا بەکاریان بهێنێت. هەروەها، بناغەیەکی بەهێز بۆ گەشەپێدانی توانا مەعریفییەکانی منداڵ دابین دەکەن و هانیدەدەن بۆ پەرەپێدانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە، شیکردنەوە، لێکدانەوە، چارەسەرکردنی کێشە و بڕیاردان، کە ئەمانە هەموویان پێویستییەکی سەرەکی بۆ فێربوونی کارا و ژیانێکی سەرکەوتوو( Judalyn S. Tan1, Julius N. Ubaub2٠٢٦،p2 )

بەدەستهێنانی کارامەییە فێرکارییەکان، واقوتابی دەدات زانیاری، لێهاتوویی وتوانا بنەڕەتییە شاراوەکانی خۆی پەرەپێبدات ، کە پێویستن بۆ گونجان لەگەڵ گۆڕانکارییە خێراکانی ژیان و

کۆمەڵگا. هەروەها، ئەم کارامەییانە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ پشتیوانی لە گەشەپێدانی تواناکانی خوێندنەوە، نووسین، ژماردن، بیرکردنەوەی مەنتقی و ڕەخنەگرانە، شیکردنەوە، لێکدانەوە و لێـدەرکردن دەکەن ،کە هەموویـان پێکهـاتەی سـەرەکی فێربـوونی بەردەوام و گەشـەکردنی کەسایەتی تاکن. بۆیە، پەرەپێدان بەوکارامەییانە لە قۆناغی باخچەی منداڵاندا، بە تایبەتی لای قوتابیـانی پـۆلی یەکەمی بـنەڕەتی، وەک یەکێـک لە گـرنگترین ئامانجەکـانی پرۆسـەی فێرکردن.(سلطاني،٢٠٢١،ص٨٨)

کارامەییە فێرکارییەکان بـریتین لە کۆمەڵێک زانیـاری، توانـا و شـارەزایی کە قوتـابی لە ڕێگەی پرۆسـەی فێرکـردن و فێربـوونەوە بەدەسـتیدەهێنێت و یـارمەتی دەدات ئەرکە فێرکارییەکانی بە شێوەیەکی کارا و سەرکەوتوانە لە پۆل و دەرەوەی پۆل جێبەجێ بکات. ئەم کارامەییانە هەموو ئەو توانایانە لەخۆ دەگرن کە پەیوەستن بە خوێندن، نووسین، ژماردن، گوێگرتن، قسەکردن، چارەسـەرکردنی کێشـە و بیرکـردنەوەی لۆژیکی، کارامەییە فێرکارییەکان بناغەی سەرەکی فێربون، بەهـۆی ئەوکارامەییانەوە قوتـابی دەتوانێت باشـتر لە ژینگەی خوێنـدن خـۆی بگونجێنێـت و ئامادەی قۆناغەکانی دواتری فێربوون بێت.(شحاتة،٢٠٠٣ص٥٧).

بـە تێبینیکـردن لـەو پێناسـانەی سـەرەوە تـوێژەر پێیـان وایـە کـە بەدەسـتهێنانی کـارامەییە فێرکارییەکان، بریتییە لە توانای بەدەستهێنانی دەستەبەرکردنی هاندانی قوتابیان و دروستکردنی ژینگەیەکی فێربـوونی چـالاک و بەشـداریکەرانەیە، ئەوکارامەییە فێرکـراوانەی کە دەبـنە هـۆی سـەرکەوتنی ئەکادیمی بـۆ گەیشـتن بە ئامـانجێکی دیـاریکراو، ئەو ئامـانجە بە کەمـترین کـات و کەمترین هەوڵ بەدەست بهێنن.

٢-١-٢: جۆرەکانی بەدەستهێنانی کارامەییە فێرکارییەکان (أنواع اكتساب المهارات التعليمية):

کارامەییەکان لە هەمـوو جۆرەکانیـانەوە – جـا چ پـراکتیکی، بیرکاری، ئـاییی یـان ژینگەیی بـن – دەبێت بە منـداڵانی پـێش قوتابخـانە بناسـێنرێن، هەرچەنـدە زیـاتر هـانی منـداڵان بـدەین کە پەیڕەویان بکەن و سوودیان لێ وەربگرن، ئەنجامەکەی باشتر و دڵنیاکەرتر دەبێت بۆ گەشەی منـداڵەکە لە ڕووی ئەزمـوون، زانیـاری و شـێوازی بیرکردنەوەیـانەوە، گـرنگترین بەدەسـتهێنانی کارامەییە فێرکارییەکانی ئەم توێژینەوەیە، سێگۆشـەی سەرەکی فێرکاری لەخۆدەگرێت، کەمانەن:

١. گۆشەی خوێندنەوە (الركن القراءة):

خوێندنەوە یەکێکە لە گرنگترین کارامەییە فێرکارییە بنەڕەتییەکان، بناغەی فێربوون و وەرگرتنی زانیـاری لە هەمـوو قۆناغەکانی پەروەردەدا پێکـدەهێنێت. لە تـوێژینەوە نوێکانـدا، خوێنـدنەوە تەنهـا وەک توانـای ناسـینەوە و دەربـڕینی پیـت و وشـە ناڕوانرێـت، بەڵکـو وەک پرۆسـەیەکی مەعریفی ئاڵۆز ناسێندراوە کە تێیدا قوتابی هێما نووسراوەکان شیدەکاتەوە، مانایان تێدەگات و پەیوەندی بە زانیارییە پێشووەکانییەوە دەکات.( Grabe, W., & Stoller2020,p13)

خوێندنەوە پرۆسەیەکە کە لە ڕێگەی هاوکاری نێوان چاو، مێشـک و زمان ئەنجام دەدرێت، و ئامانجی سەرەکیی ئەوەیە کە قوتابی بتوانێت مانای دەقەکان تێبگات، بیرۆکەکان شیکاتەوە و لە ژیانی ئەکادیمی و ڕۆژانەدا سوود لە زانیارییە وەرگیراوەکان وەربگرێت. بۆیە، خوێندنەوە بە یەکێک لە بنەمـا سـەرەکییەکانی سـەرکەوتنی ئەکادیمی دادەنرێـت، بە تـایبەتی لای قوتابیـانی پـۆلی یەکەمی بـنەڕەتی، چـونکە گەشـەپێدانی ئەم کارامەییە کاریگەرییەکی ڕاسـتەوخۆ لەسـەر پەرەپێدانی هەمـوو کارامەییە فێرکارییەکانی دیکە هەیە(Snowling, M. J., & Hulme2021,p65)

خوێندنەوە پرۆسەیەکی مەعریفی ئاڵۆزە کە لە دوو پرۆسەی سەرەکی پێکهاتووە:

_ پرۆسەی یەکەم، شیکردنەوەی کۆد (Decoding) بریتییە لە توانای ناسینەوەی پیت، هێما و وشە نووسراوەکان و گۆڕینیان بۆ دەنگ و وشەی زمانی زارەکی. لەم قۆناغەدا، خوێنەر فێری ئەوە دەبێت کە پەیوەندی نێوان پیت، دەنگ و وشە بناسێت و بە شێوەیەکی دروست و خێرا وشەکان بخوێنێتەوە. ئەم لێهاتووییە بناغەی سەرەکی بۆ پەرەپێدانی خوێندنەوەی کارا و دروست دادەنرێت.

_ پرۆسەی دووەم، تێگەیشتن (Comprehension) بریتییە لە توانای خوێنەر بۆ وەرگرتن و درککردنی مانای وشە، ڕستە و دەقەکان. ئەم پرۆسەیە تەنها لە تێگەیشتن لە مانای وشەکاندا کۆتایی نایەت، بەڵکو لێکدانەوەی بیرۆکەکان، پەیوەستکردنی زانیاری نوێ بە زانیاری پێشوو، دۆزینەوەی ئامانجی دەق، شیکردنەوە، هەڵسەنگاندن و دروستکردنی بۆچوونی ڕەخنەگرانەش لەخۆدەگرێ

٢. گۆشەی نوسین (الركن الكتاب):

نووسین یەکێکە لە گرنگترین کارامەییە زمانییەکان و پرۆسەیەکی مەعریفیی ئاڵۆزە کە تەنها بریتی نییە لە نووسینی وشە و ڕستە لەسەر کاغەز، بەڵکو پرۆسەیەکە بۆ گواستنەوەی بیر، هەست، زانیاری و چەمکەکان بە ڕێگەی هێما و نیشانە نووسراوەکان. ئەم پرۆسەیە پشت بە ژمارەیەک توانا و پرۆسە دەروونییە بنەڕەتییەکان، وەک سەرنج، یادەوەری، زمان، بیرکردنەوە، پلاندانان و ڕێکخستنی بیرۆکەکان دەبەستێت، بۆ ئەوەی تاک بتوانێت بیر و زانیارییەکانی بە شێوەیەکی ڕێکخراو و مانادار دەربڕێت.

لە قۆناغی سەرەتایی فێربووندا، منداڵ نووسین بە فێربوونی پەیوەندی نێوان دەنگ، پیت و وشە دەست پێدەکات، و دواتر بە هەماهەنگی نێوان کارکردی مەعریفی و جووڵەی وردی دەست و پەنجە، توانا نووسینەکەی پەرە پێدەدات. بۆیە، نووسین تەنها کارامەییەکی ماسولکەیی نییە، بەڵکو چالاکییەکی مەعریفی و زمانییە کە پێویستی بە تەرکیز، ڕێکخستن و کۆنترۆڵی پرۆسە دەروونییەکان هەیە، و بە یەکێک لە بنەماییترین کارامەییە فێرکارییەکان دادەنرێت. لە لایەکی ترەوە، (ferrary oliverio " ) نووسین بە چالاکییەکی هەماهەنگ پێناسە دەکات کە پێویستی بە یەکخستنی جووڵە ورد و ڕێکخراوەکانی دەست و پەنجە هەیە. بە باوەڕی ئەو، پەرەپێدانی کارامەیی نووسین لای منداڵ لە ئەنجامی ڕاهێنان و ئەزموونی بەردەوام لە ژینگەی کۆمەڵایەتیدا بەدەست دێت. هەروەها، نووسین تەنها بریتی نییە لە نووسینی پیت و وشە، بەڵکو پرۆسەیەکی مەعریفییە کە پلاندانان بۆ هەڵبژاردن و ڕێکخستنی پیت و وشەکان، لەگەڵ هاوکاتکردنی نێوان دەنگەکان و نیشانە نووسراوەکان، لەخۆدەگرێت، تاکو بتوانرێت چەمک و مانا بە شێوەیەکی ڕوون و دروست دەربڕێت.(بوتمر،٢٠٢٢،ص٦٥)

٣. گۆشەی چەمکە بیرکارییەکان (الركن المفاهيم الرياضية):

چەمکە بیرکارییەکان، لەچەندین گۆشەنیگایەکەوەدەناسێندرێت، لێکدانەوەی بۆ دەکرێت و ئەمەش لە جیاوازیی پێناسەکانیدا بەڕوونی دەردەکەوێت. هەندێک لە زانایان پێیان وایە چەمکی بیرکارییەکان بریتییە لە دەرهێنان و پوختەکردنەوەی کورتکردنەوەی کۆمەڵێک شت یان بابەت. چەمکە بیرکاریەکان واتە، پوختەکردنی توخمە هاوبەشەکان لەنێوان شت و دۆخە جیاوازەکاندا، کە زۆرجار بە دروستبوونی ناوێک، زاراوەیەک یان هێمایەکی دیاریکراو کورت دەکرێتەوە و نوێنەرایەتیی ئەو چەمکە دەکات.بە وێنەیەکی زەینی و بیرۆکەیەک دادەنرێت کە لە ڕێگەی گشتاندنەوە دروست دەبێت،وبناغەکەی لەسەر تایبەتمەندی و لێکچوونی نێوان شت و



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٨

دیاردەکـان دامەزراوە. بەپـێی ئەم تێڕوانینـە، مـرۆڤ دەتوانێـت بابەتەکـان بەپـێی خاسـیەتە هاوبەشەکانیان لە ژێر چەمکێکی یەکگرتوو کۆبکاتەوە.

مەبەسـت لەم پرۆسـەیە گەیشـتنە بە وێـنەیەکی زەینـیی ڕێکخـراو کە نـوێنەرایەتیی چەمـکە دەکات. لەبەر ئەوە، پۆلێنکردن بە توانای ناسینەوەی بابەتە هاوشێوەکان، جیاکردنەوەیان لە بـابەتە جیاوازەکـان و ڕێکخسـتنیان لە گـرووپە جیاوازەکانـدا پێناسـە دەکرێـت. بەم شـێوەیە، پەیوەنـدییەکی پـتەو لەنێـوان چەمـک دروسـتکردن و پۆلێنکردنـدا هەیە، چـونکە هەردووکیـان لەسـەر بنەمـای دیاریکردنی تایبەتمەنـدییە هاوبەشـەکان و ڕێکخسـتنی زانیارییەکان دامەزراون. هەنـدێک لە زانایـانی دەروونـاسی و پەروەردەش چەمـکە بیرکارییەکان بە پرۆسـەی پـۆلێنکردنی هـزریی بابەتەکان بەپێی تایبەتمەنـدییە ڕەمزی و هێمایەکان پێناسـە دەکەن. لەم ڕوانگەیەوە، چەمـکە بیرکارییەکـان تەنهـا کۆمەڵێـک زانیـاری نییـە، بەڵکـو ئـامرازێکی بنەڕەتـیی پرۆسـەی بیرکـردنەوە، فێربـوون و چارەسـەرکردنی کێشـەن. هەروەهـا ڕۆڵـێکی کاریگەر هەیە لە پەرەپێـدانی توانـای قوتـابی لە تێگەیشـتن لە چەمکە بیرکارییە سـەرەکییەکان، وەک ژمـارە، شـێوە، پێـوانە، پۆلێنکردن، ڕیزبەنـدی و پەیوەنـدی نێوان شـتەکان، کە ئەمانەش بناغەی فێربوونی بیرکاری لە قۆنـــاغی ســــەرەتایی، بە تــــایبەتی لای قوتابیــــانی پــــۆلی یەکەمی بــــنەڕەتی، پێکدەهێنن.(بوتمر،٢٠٢٢،ص٩٧)

٢-٢: چەمکی پەرتبونی سەرنج (مفهوم تشتت الانتباه):

پەرتبونی سەرنج چەمکێکی ئاڵۆز و فرەڕەهەندە، و ئەستەمە بتوانین بەئاسانی بیناسێنین، چونکە پێناسـەکانی لەلایەن ڕێباز و تیـۆری جیاوازەکانی دەروونـاسی و پەروەردەوە بە شـێوەی جیاواز خراونەتەڕوو. هەر تیۆرییەک بە گوێرەی دیدگا و بنەمای زانستی خۆی، لێکدانەوەی تایبەتی بۆ سـەرنج پێشکەش دەکات.لە هەمان کاتدا، پەرتبـونی سـەرنج، تێکچوونێکی دەماری–ڕەفتاری ناسـێنراوە کە لە ئەنجـامی نائاسـاییبوون لە پێکهـاتە و کـارکردنی مێشـکەوە سـەرهەڵدەدات، و کاریگەری لەسـەر ڕەفتار، پرۆسـەکانی بیرکردنەوە و هەستەکانی تاک دادەنێت. هەرچەنـدە ئەم تێکچوونە چارەسەرێکی تەواوی نییە، بەڵام دەتوانرێت بە ڕێگای مداخلە پەروەردەیی، دەروونی و پزیشکی نیشانەکانی کەم بکرێنەوە و بەڕێوەببرێت. ئامانجی سەرەکی ئەم مداخلانە یارمەتیدانی منداڵە بۆ پەرەپێدانی خۆکۆنترۆڵکردن، باشـترکردنی سـەرنج و ڕێکخسـتنی ڕەفتار، کە ئەمانەش دەبـنە هـۆی زیـادبوونی سـەرکەوتنی ئەکـادیمی، باشـتربوونی پەیوەنـدییە کۆمەڵایەتییەکـان و بەرزبوونەوەی متمانە بە خۆ.( باركلي،٢٠١٥ص٤٣)

پەرتبـوونی سـەرنج تێکچـوونێکە دەبێـتە هـۆی کەموکـوڕی لە ئامـادەکردن و پرۆسێسـکردنی زانیـاری، ئەوەش کـاریگەری ڕاسـتەوخۆی لەسـەر توانـا مەعریفییەکـانی منـداڵ دادەنێـت. ئەم تێکچوونە دەتوانێت لە شێوەی شکسـتهێنان لە جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەکان، بەکارهێنـانی ستراتیژییە کاریگەرە فێرکارییەکان، یان کەمبوونی توانای کۆنترۆڵکردن و ڕێکخستنی پرۆسـەکانی ئامــادەکردن و پرۆسێســکردنی زانیــاری دەربکەوێــت. هەروەهــا، نەبــوونی ڕێکخســتن لە چالاکییەکان، پلاندانانی زانیاری و ڕێکخستنی سیستەمی زانیارییەکان، دەبنە هۆی ئەوەی منداڵ نەتوانێت زانیارییەکان بە شـێوەیەکی گونجاو ڕێکبخات و بۆ جێبەجێکردنی ئەرکە فێرکارییەکان بەکاریان بهێنێت.(محمد٢٠٢١ص ٦٧)

به تێبینیکردن لەو پێناسانەی سەرەوە توێژەر پێیان وایە پەرتبونی بریتییە لە کەمبوونەوەی توانای تاک بۆ سەرنجدان بەوەی لەبەردەمی دایە. ئەم دۆخە دەکرێت لە ئەنجامی نەبوونی ئارەزوو بۆ ئەنجامدانی ئەرکێک، یان سەرقالبوونی سەرنج بە شتێکی گرنگتری ژیانی، یان هەستکردن بە قورسایی لە تێگەیشتن لە مانای ئەرکەکەدا دروست ببێت. ئەم هەستەش زۆرجار دەبێتە هۆی گرژی و بێزاری، کە وەک کێشەیەکی پەیوەست بە سەرنجدان دەردەکەوێت.

**٢-٢-١:** هۆکارەکانی پەرتبوونی سەرنج (العوامل تشتت الانتباه)

پەرتبوونی سەرنج لای قوتابیانی قۆناغی بنەڕەتی دیاردەیەکی فرەهۆکارە و دەتوانێت لە ئەنجامی هۆکاری ئەندامی، ژینگەیی یان دەروونی دروست ببێت. ئەم هۆکارانە کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆیان لەسەر توانای تەرکیز، فێربوون و ئاستی ئەنجامدانی قوتابیان هەیە.

یەکەم: هۆکارە ژینگەییەکان (العوامل البيئة):

هۆکارە ژینگەییەکان لە گرنگترین هۆکارەکانی پەرتبوونی سەرنجن. ژینگەیەکی پڕ لە ژاوەژاو و پشێوی، لە قوتابخانە یان ماڵەوە، دەتوانێت توانای تەرکیزکردنی منداڵ کەم بکاتەوە. هەروەها، بەکارهێنانی زیادەڕۆیی تەلەفۆنی زیرەک، تابلێت، تەلەفزیۆن و یارییە ئەلیکترۆنییەکان وای لە منداڵ دەکات ڕاهاتووی گۆڕانکارییە خێراکان ببێت، کە ئەمەش لە توانای ماندووبوون لەسەر ئەرکە فێرکارییەکان دەکەمێنێتەوە. لە هەمان کاتدا، شێوازی وانەوتنەوەی نەگونجاو، کە چالاکی و بەشداریی قوتابی تێدا کەمە، دەبێتە هۆی بێزاری و پەرتبوونی سەرنج.

دووەم: هۆکارە ئەندامی و تەندروستییەکان (العوامل العضلي والصحية)

هۆکارە ئەندامییەکانیش ڕۆڵێکی گرنگ لە پەرتبوونی سەرنجدا دەبینن. هۆکارە بۆماوەییەکان یەکێکن لە هۆکارە سەرەکییەکانی تێکچوونی کەمیی سەرنج و زیادچالاکی .(ADHD) هەروەها، کەمیی خەو یان نارێکی لە شێوازی خەوتندا دەتوانێت چالاکیی مێشک و توانای وەرگرتنی زانیاری لاواز بکات. لە ڕووی خۆراکەوە، کەمیی هەندێک ماددەی خۆراکی گرنگ، وەک ئاسن و ئۆمێگا-٣، یان خواردنی بڕی زۆر لە شەکر، لەوانەیە ببێتە هۆی زیادبوونی چالاکی و کەمبوونەوەی توانای تەرکیز.

سێیەم: هۆکارە دەروونی و سۆزدارییەکان (العوامل النفسية والعاطفية)

بارودۆخی دەروونی و سۆزداریی منداڵ کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر سەرنجی هەیە. دڵەڕاوکێ، سترێس، کێشە خێزانییەکان یان ترس لە مامۆستا و تاقیکردنەوە دەتوانن ڕێگر بن لە تەرکیزکردنی منداڵ لەسەر چالاکییە فێرکارییەکان. هەروەها، بوونی هەندێک کێشەی فێربوون، وەک دیسلێکسیا (دژواری خوێندنەوە)، دەبێتە هۆی ئەوەی منداڵ لە ئەنجامدانی ئەرکە خوێندنییەکاندا ئاستەنگی هەبێت و سەرنجی بۆ شتەکانی تر بگوازێتەوە. (یوسف،٢٠١٠،ص٥)

٢-٢: توێژینەوەکانی پێشوو (الدراسات السابقة):

٢-٢-١: توێژینەوەکانی تایبەت بە گۆڕاوی بەدەستهێنانی کارامەییەفێرکارییەکان:

١- توێژینەوە سلطانی (٢٠٢١):

ئامانجی توێژینەوەکە بریتی بوولە زانینی پرۆگرامێکی فێرکاری پشتبەستوو بە پرۆگرامی منتسۆری بۆگەشەپێدانی کارامەییە فێرکارییەکان (خوێندنەوە و نوسین و چەمکە بیرکارییەکان) لای منداڵانی باخچەلەجەزائیر،لەتوێژینەوەکەدا میتۆدی ئەزمونی بەکارهاتووە، کە بە شێوازی مەبەستدار هەڵبژێردرابوون،کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکهاتبوولە (١٠)منداڵلەهەردووڕەگەز،پێوەرەکانی توێژینەوەکە پێکهاتبوون لەپێوەری تێبینیکردن لەسێ

بواری سەرەکیدا. کە بریتیبوون لە (خوێندنەوە و نوسین وچەمکەبیرکارییەکان)،بۆساڵی خوێندنی (٢٠٢٠-٢٠٢١) ئەنجامەکان دەریانخست، جیاوازییەکی بەڵگەدار لە ڕووی ئاماری هەبوو لە ئاستی کارامەیی خوێندنەوەی منداڵانی باخچە لەنێوان ئەنجامەکانی پێوانەی پێش تاقیکردنەوە و دوای تاقیکردنەوە، بە قازانجی پێوانەی دوای تاقیکردنەوە، جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری هەبوو لە ئاستی کارامەیی نووسینی منداڵانی باخچە لەنێوان ئەنجامەکانی پێوانەی پێش تاقیکردنەوە و دوای تاقیکردنەوە، بە قازانجی پێوانەی دوای تاقیکردنەوە، جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری هەبوو لە ئاستی کارامەیی چەمکە بیرکارییەکان لای منداڵانی باخچە لەنێوان ئەنجامەکانی پێوانەی پێش تاقیکردنەوە و دوای تاقیکردنەوە، بە قازانجی پێوانەی دوای تاقیکردنەوە.

٢- توێژینەوەی برتاوی(٢٠٢٤) :

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتیبوو لە دەرخستنی ڕۆڵی باخچەی منداڵان لە بەرەوپێش بردنی کارامەییە فێرکارییەکان و کۆمەڵایەتیەکان لای بەخێوکەرانی منداڵ لە سوریا، لە توێژینەوەکەدا میتۆدی وەسفی شیکاری بەکارهاتووە، نموونەی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە (١٢٠)دایک وباوک ، بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی توێژینەوەکە توێژەر پشتیان بەستووە بە پێوەری (سلطانی٢٠٢١)،. ئەنجامەکان دەریانخست : کە کارامەییە فێرکارییەکان لەئاستێکی بەرزتردایە بەبەراورد لەگەڵ کارامەییە کۆمەڵایەتیەکان،هەروەها نەبوونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری بەپێی گۆڕاوی برونامە، هەبونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری بەپێی گۆڕاوی جۆری باخچە(حکومی،تایبەت) لەبەرژەوەندی باخچەی تایبەت بوولە سوریا.

**٣- توێژینەوەی (Judalyn S. Tan1, Julius N. Ubaub , 2026.) :**

ئامانجی توێژینەوەکە بریتی بوو لە زانینی ئاستی تایبەتمەندی کەسایەتی مامۆستا لەوانەووتنەوەو کارامەییە فێرکارییەکان و لای مامۆستایانی حکومی قوتابخانە سەرەتاییەکان لە (Baungon). لە توێژینەوەکەدا میتۆدی وەسفی بەکارهاتووە. نموونەی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە (١٠٣) مامۆستا کە بە شێوازی هەڕەمەکی سادە بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٢٥-٢٠٢٦ هەڵبژێردران. بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوەکە، ئەنجامەکان دەریانخست: تایبەتمەندی کەسایەتی مامۆستا لەوانەووتنەوەو کارامەییە فێرکارییەکان و لای مامۆستایانی حکومی قوتابخانە سەرەتاییەکان لەئاستێکی زۆربەرزدایە

٢-٢-٢: توێژینەوەکانی تایبەت بە گۆڕاوی پەرتبونی سەرنج:

١- توێژینەوەی محمد (٢٠٢١) :

ئامانجی توێژینەوەکە بریتیبوو لە زانینی ئاستی پەرتبونی سەرنج لای منداڵانی باخچە، قۆناغی ئامادەکاری بۆ قوتابخانە (٥)ساڵی لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی بغداد -الکرخ ھ توێژینەوەکەدا میتۆدی وەسفی بەکارهاتووە، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە (٥٥٠) منداڵی باخچەلە پارێزگاری بەغداد. نموونەی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە (٤٠) منداڵ لەهەردوو ڕەگەز، کە بە شێوازی هەڕەمەکی چینایەتی هەڵبژێردرابوون، بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی توێژینەوەکە توێژەران پشتیان بەستووە بە پێوەری (الـودود،٢٠٠٢)، کە لە (٣٤) برگە پێکهاتووە ئەنجامەکان دەریانخست : ئەنجامەکانی توێژینەوەکە نیشانیان داکە بەپێی ئامانجی دیاریکراو، هیچ بەڵگەیەکی ئاماری بۆ بوونی کێشەی پەرتبوونی سەرنج یان ئاستی بەرزی دژوارییەکانی سەرنج لای منداڵانی باخچە دەستنیشان نەکرا.

٢- توێژینەوەی عبدالرحمن ،(٢٠٢٥)



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 8
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

ئامانجی توێژینەوەکە بریتیبوو لە زانینی ئاستی تێکچونی چالاکیەکان و پەرتبونی سەرنج لای قوتابیانی قۆناغی سەرەتایی وپەیوەندی بە هەندێک گۆڕاوی (باری ئابوری و کۆمەڵایەتی ، ڕەگەز، جۆری قوتابخانەی حکومی و ئەهلی) کۆلێژی پەروەردە لە قاهیرە، توێژەر میتۆدی وەسفي بەکارهێناوە، نموونەی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە(١٠٠)قوتابی ، بە شێوازی هەرەمەکی سادە هەڵبژێردرابوون، پێوەری توێژینەوەکە توێژەرپشتی بە (ADHDT2020). بەستوە بە شتبەستن بە پاکێجی ئاماری (SPSS) بۆ شیکارکردنی داتاکان، توێژینەوەکە گەیشت بەم ئەنجامانە:ئاستی تێکچونی چالاکیەکان و پەرتبونی سەرنج لای قوتابیانی قۆناغی سەرەتایی وپەیوەندی گۆڕاوی تەمەن (کوڕو کچ) جیاوازی هەیە جیاوازیەکەش لە بەرژەوەندی کوڕەکانە، هەروەها نەبونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری ئاستی تێکچونی چالاکیەکان و پەرتبونی سەرنج لای قوتابیانی قۆناغی سەرەتایی وپەیوەندی بە گۆڕاوی جۆری قوتابخانەی حکومی و ئەهلی نەبونی جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان تێکڕای نمرەکانی قوتابیانی قۆناغی سەرەتایی کە تووشی تێکچونی چالاکیەکان و پەرتبونی سەرنج بون ، بەپێی گۆڕاوی دۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی (بەرز و نزم) بوونی نییە. ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە دۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی لەم توێژینەوەیەدا کاریگەرییەکی بەڵگەدار لەسەر ئاستی چالاکی زۆر و تێکچوونی سەرنجی قوتابیان نەبووەلە قاهیرە.

٢-٢-١: سوودی توێژینەوەکانی پێشوو :

توێژەر سوودي لە چەند لایەنێکی ئەم توێژینەوانە وەرگرتووە، لەوانە :

- هەستکردن بە بوونی کێشەی توێژینەوە و دیاریکردنی گرنگی ئەم توێژینەوەیە
- سوودوەرگرتن لە چوارچێوەی تیۆری، ڕێباز و هەنگاوە زانستییەکانی توێژینەوەکانی پێشوو.
- کەڵک وەرگرتن لە شێوازی بەکارهێنان و شیکردنەوەی داتاکان و کەرەستە ئامارییەکان کە لەگەڵ ئامانجی ئەم توێژینەوەیدا دەگونجێت.
- بەراوردکردنی ئەنجامەکانی توێژینەوەی ئێستا لەگەڵ ئەنجامەکانی توێژینەوەکانی پێشوو
- یارمەتیدانی توێژەر لە دۆزینەوە و هەڵبژاردنی سەرچاوە زانستییە پەیوەندیدارەکان.

**بەشی سێیەم**

ڕێکارییەکانی توێژینەوەکە

- میتۆدی توێژینەوەکە
- کۆمەڵگەی توێژینەوەکە
- نموونەی توێژینەوەکە
- ئامرازی توێژینەوەکە
- ڕاستی ئامرازی توێژینەوەکە
- جێگیری ئامرازی توێژینەوەکە
- ئامرازە ئامارییەکان

**٣ :** ڕێکارییەکانی توێژینەوەکە (إجراءات البحث) **:٣-١:** میتۆدی توێژینەوەکە (المنهج البحث): لەم توێژینەوەیدا توێژەر میتۆدی وەسفی (پەیوەندی)یان بەکارهێناوە، بەهۆی گونجانی لەگەڵ سروشتی توێژینەوەکەدا.

**٣-٢ :** کۆمەڵگەی توێژینەوەکە (المجتمع البحث) :

کۆمەڵگەی توێژینەوە هەموو ئەو تاکانەن کە چوارچێوەی بابەتی کێشەی توێژینەوە پێکدەهێنن (الرشیدی ص٢١). کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوە یە پێکهاتووە لەگشت قوتابیانی پۆلی یەکەمی

بـنەڕەتی لە هەرچـوار قوتابخانەکـانی( **مەم، دیـمەن، حەمـدی، شــەوبۆ** )ی بـنەڕەتی، لـە بەڕێوەبەرایـەتی پـەروەردەی ناوەنـدی هـەولێر. بـۆ سـاڵی خوێنـدنی (٢٠٢٥-٢٠٢٦)کە ژمارەیان پێکهاتووە لە(٣١٦) قوتابی بوو، خشتەی ژمارە (١) کۆمەڵگەی توێژینەوەکە ڕووندەکاتەوە.

خشتەی ژمارە ١ دابەشبونی کۆمەڵگەی توێژینەوە

| ز | ناوی قوتابخانە | ژمارەی قوتابیان |
|---|---|---|
| 1 | دیمەن | ٦٦ |
| 2 | مەم | ٦٤ |
| 3 | حەمدی | ٧٢ |
| 4 | شەوبۆ | ١١٤ |
| | کۆی گشتی | ٣١٦ |
| | | |

**٣-٣ :** نموونەی توێژینەوەکە (عينة البحث) :

نموونـە بەشـێکە لـەو کۆمەڵگەیەیـەی ،کـە خەسـڵەتێکی هـاوبەشی تێـدایە ونـوێنەرایەتی کـۆمەڵگەکەی دەکـات ، کە توێژینەوەکـەی لەسـەر دەکرێـت، تـوێژەر بـۆ ئەنجامـدانی توێژینەوەکـەی، کە لەسـەری ئـەنجامی دەدات، ئـەوەش بـەپێی بنـەمای تایبـەت بـۆ ئـەوەی نوێنەرایـەتی کۆمەڵگـەی توێژینەوەکە بکات، نوێنەرایەتییـەکی دروست(بۆکانی ٢٠٢٠، ل١١٢) نموونەی توێژینەوەکە بە شێوازی مەبەستدارلە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ناوەندی پارێزگای هـەولێر هـەڵبژێردان، کـە ژمارەیـان (١٥٨) مامۆسـتا بـوو. کـە ڕێـژەی( ٥٠%) کۆمەڵگـەی توێژینەوەکە پێك دەهێنێت. خشتەی ژمارە (٢) نموونەی توێژینەوەکە ڕووندەکاتەوە.

خشتەی ٢ دابەشکردنی ڕێژەی سەدی نموونەی توێژینەوە

| ز | ناوی قوتابخانە | دووبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی % |
|---|---|---|---|
| 1 | دیمەن | 33 | %21 |
| 2 | مەم | 32 | %20 |
| 3 | حەمدی | 36 | %23 |
| 4 | شەوبۆ | 57 | %36 |
| | کۆی گشتی | 158 | %100 |

**٤-٣ :** جێبەجێکـردنی پێـوەر (تطبيـق المقيـاس):توێژەر هەڵسـا بە دابەشـکردنی (١٥٨) فـۆرم (ڕاپرسی) بۆ پێوەری کارامەییەفێرکارییەکان کەلە(١٨)بڕگە پێکهاتبو و پەرتبونی سەرنج لە(٣٤) بـڕگە پێکهـاتبو ، لە مـانگی (نیسـانی ٢٠٢٦) بەسـەر مامۆسـتایانی پـۆلی یەکەمی بـنەڕەتی لە قوتابخانەکانی ( دیمەن، مەم، حەمدی، شەوبۆ)لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ناوەندی پارێزگای هـەولێر (٥٠) فـۆرم (ڕاپـرسی) جیاکراوەتەوە بـۆ جێگیری (ثبات) دواتر (٧) فـۆرم (ڕاپـرسی) دوورخـرایەوە لەبەرئەوەی کەم کـوری هەبـوو لە وەڵامـدانەوە، دواتـر(١٠١) فـۆرم (ڕاپرسی) ئامادەبوو بۆ شیکاری ئاماری (عينة تطبيق).

٣-٥-٢: پێوەری پەرتبونی سەرنج (المقياس تشتت ا

٣-٥ : ئامرازی توێژینەوەکە (أداة البحث ):

**٣-٥-١**: پێوەری بەدەستهێنانی کارامەییە فێرکارییەکان (المقياس إكتساب المهارات التعليمية):بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی توێژینەوەکە توێژەر پشتی بەپێوەری (برتاوی،٢٠٢٤)،بەستوە تایبەت بەگۆڕاوی(بەدەستهێنانی کارامەییە فێرکارییەکان) کەگۆڕانکاریلەبڕگەکانی کراوە بۆ ئەوەی بگونجێت لەگەڵ نموونەی توێژینەوەکە(مامۆستایانی قۆناغی بنەڕەتی )پێوەرەکە لە (١٨) بڕگە پێکهاتووە، جێگرەوەکانی وەڵامدانەوەش پێکهاتووە لە (هەمیشە لەسەرم جێبەجێ دەبێت، بە زۆری لەسەرم جێبەجێ دەبێت، هەندێکجار لەسەرم جێبەجێ دەبێت، بە دەگمەن لەسەرم جێبەجێ دەبێت، هەرگیز لەسەرم جێبەجێ نابێت)، کلیلەکانی وەڵامدانەوە بریتین لە (٥، ٤، ٣، ٢، ١). بەرزترین نمرەی پێوەرەکە (٩٠)نمرەو و نزمترینیش(١٨) نمرە بوو، هەروەها ناوەندە گریمانەیی پێوەرەکە (٥٤) نمرە بوو.

لانتباه) :بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی توێژینەوەکە پێوەری(**پەرتبوونی سەرنج**)، توێژەر پشتی بە پێوەری(محمد،٢٠٢١)، بەستوە،**کەگۆڕانکاریلەبڕگەکانی کراوە**، پێوەرەکەلە (34) بڕگە پێکهاتووە ، جێگرەوەکانی وەڵامدانەوەش پێکهاتووە لە (هەمیشە لەسەرم جێبەجێ دەبێت، بە دەگمەن لەسەرم جێبەجێ دەبێت، هەرگیز لەسەرم جێبەجێ نابێت)، کلیلەکانی وەڵامدانەوە بریتین لە ( ٣، ٢، ١). بەرزترین نمرەی پێوەرەکە (١٠٢)نمرەو و نزمترینیش(٣٤) نمرە بوو، هەروەها ناوەندە گریمانەیی پێوەرەکە (٦٨) نمرە بوو.

٣-٦: ڕاستی ئامرازی توێژینەوەکە:

٣-٦-١: ڕاستی پێوەری (بەدەستهێنانی کارامەییە فێرکارییەکان) (صدق المقياس) بۆ دڵنیابوون لە ڕاستی و دروستی بڕگەکانی پێوەرەکە، توێژەر ڕاستی ڕواڵەتی بەکارهێناوە لە ڕێگای پێشکەشکردنی بڕگەکانی پێوەری (بەدەستهێنانی کارامەییە فێرکارییەکان) و (پەرتبونی سەرنج) بە کۆمەڵێك لە پسپۆڕ و شارەزا لە بواری دەروونزانی و پەروەردە، کە داوایان لێکرا بۆچوونی خۆیان لەسەر گونجاوی بڕگەکانی پێوەرەکان دەربڕن لەگەڵ ئەنجامدانی هەرگۆڕانکاریەك کە بە پێویستی بزانن ڕێژەی ڕەزامەندی شارەزایان بۆ بڕگەکانی پێوەری بەدەستهێنانی کارامەییە فێرکارییەکان گەیشتە (86%) و بۆ بڕگەکانی پێوەری پەرتبونی سەرنج گەیشتە(٨٩%).

**٣-٧**: جێگیری ئامرازی توێژینەوەکە: (الثبات المقياس)

- جێگیری دووبارە تاقیکردنەوە: (طريقة إعادة الاختبار)

لەم توێژنیەوەیدا توێژەربەڕێگای دووبارە تاقیکردنەوە جێگیری بۆپێوەرەکانی توێژینەوە کەئەمجامدراوە، ئەویش بە ڕێگای دابەشکردنی پێوەری توێژینەوەکە بۆجاری یەکەم بەسەر(٥٠) مامۆستا لە قوتابخانە بنەڕەتییەکانی ناوەندی پارێزگای هەولێر بەشێوەیەکی مەبەستدار هەڵبژێردراون لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بەدەر لە نموونەی سەرەکی توێژینەوەکە، دوای تێپەڕبوونی (١٤) ڕۆژ دووبارە پێوەرەکە دابەشکرایەوە بەسەر هەمان نمونە بۆجاری دووەم. هاوکۆلکەی پەیوندی پێرسۆن بەکارهێنراوە بۆ دەرهێنانی ئەنجامەکان جێگیری پێوەرەکە. بەهاکە گەیشتە (0.78) نمرە دەرکەوت پێوەری توێژینەوەکە جێگیرە و دەکرێت پشتی پێببەسترێت.

**٣-٨**: ئامرازە ئامارییەکان (اداءة الإحصائية ):

بۆ چارەسەرکردنی داتاکانی توێژینەوەکە، سوود لە پاکێجی ئاماری (SPSS) وەرگیراوە، ئامرازە ئامارییەکانیش پێکهاتبوون لەمانەی خوارەوە: (ڕێژەی سەدی بۆ ڕاستی پێوەری توێژینەوەکە، هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسون، تاقیکردنەوەی تی(t.test) بۆ یەك نموونە، تاقیکردنەوەی تی (t.test) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ.

## بەشی چوارەم

خستنەڕووی ئەنجامەکان و شیکردنەوەیان

**٤:** خستنەڕووی ئەنجامەکان و شیکردنەوەیان :

ئەم بەشە خستنەڕووی ئەنجامەکان و شیکردنەوەیان دەگرێتەوە بەپێی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەی خوارەوە:

**٤-١:** خستنەڕوو و شیکردنەوەی ئەنجامی پرسیاری یەکەم :

ئایا ئاستی بەدەستهێنانی کارامەییە فێرکارییەکان لای قوتابیانی پۆلی یەکەمی بنەڕەتی چەندە؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە تاقیکردنەوەی تی ( T.test) بۆ یەك نموونەی سەربەخۆ بەکارهێنراوە، ئەنجامەکانیش لە خشتەی ژمارە (٣)دا هاتووە.

**خشتەی ٣ ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی تی (T.test) بۆ یەك نموونەی سەربەخۆ**

| ژمارەی برگەکان = ١٨ | ژمارەی نموونە (N) | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندی گریمانی | نرخی t | | بەڵگەداری ئاماری (.Sig) | ئاستی بەڵگەداری (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | | |
| بەدەستهێنانی کارامەییە فێرکارییەکان | ١٠١ | 55.76 | 1.50 | ٥٤ | 33.70 | ١,٩٨ | 0.000 | بەڵگەدارە |

لە خشتەی (٣) بۆمان ڕووندەبێتەوە کە ناوەندە ژمێرەیی نمرەکان لە پێوەری بەدەستهێنانی کارامەییە فێرکارییەکان لای قوتابیانی پۆلی یەکەمی بنەڕەتی بریتی بوو لە (55.76) بە لادانی پێوەری (1.50)نمرە، دوای بەراوردکردنی ئەم ناوەندە لەگەڵ ناوەندی گریمانەی پێوەرەکە کە دەکاتە (٥٤) بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تی (t.test) بۆ یەك نموونەی سەربەخۆ، بەهای تی هەژمارکراو گەیشتە (33.70) ئەم بەهایەش گەورەترە لە بەهای تی خشتەیی کە دەکاتە (١,٩٨)، هەروەها بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی (0.000) دایە کەواتە بەڵگەداری ئاماری هەیە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە قوتابیانی پۆلی یەکەمی بنەڕەتی قوتابیانی پۆلی یەکەمی بنەڕەتی ئاستێکی ئەرێنی بەرزیان لەبەدەستهێانی کارامەییە فێرکارییەکان، هەیە تارادەیەکی باش توانای هێنانەدی ئامانجەکانیان هەیە.

**٤-٢:** خستەڕوو و شیکردنەوەی ئەنجامی پرسیاری دووەم :

ئایا ئاستی پەرتبونی سەرنج لای قوتابیانی پۆلی یەکەمی بنەڕەتی چەندە؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە تاقیکردنەوەی تی (t) بۆ یەك نموونەی سەربەخۆ بەکارهێنراوە، ئەنجامەکانیش لە خشتەی ژمارە (٤)دا هاتووە.

**خشتەی ٤ ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی تی (t) بۆ یەك نموونەی سەربەخۆ**

| ژمارەی برگەکان = ٣٤ | ژمارەی نموونە (N) | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندی گریمانی | نرخی t | | بەڵگەداری ئاماری (.Sig) | ئاستی بەڵگەداری (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | | |
| پەرتبونی سەرنج | ١٠١ | 2.27 | 0.77 | ٦٨ | 854.39 | ١,٩٨ | 0.000 | بەڵگەدارە |

لە خشتەی (٤) بۆمان ڕووندەبێتەوە کە ناوەندە ژمێرەیی نمرەکان لە پێوەری پەرتبونی سەرنج لای قوتابیانی پۆلی یەکەمی بنەڕەتی بریتی بوو لە (2.27) بە لادانی پێوەری (0.77) نمرە، دوای بەراوردکردنی ئەم ناوەندە لەگەڵ ناوەندی گریمانەی پێوەرەکە کە دەکاتە (٦٨) بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تی (t.test) بۆ یەك نموونەی سەربەخۆ، بەهای تی هەژمارکراو گەیشتە (845.39) ئەم بەهایەش گەورەترە لە بەهای تی خشتەیی کە دەکاتە (١,٩٨)، هەروەها بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی (0.000) دایە کەواتە بەڵگەداری ئاماری هەیە، لەبەر ئەوە، دەتوانرێت بگوترێت کە قوتابیانی پۆلی یەکەمی بنەڕەتی ئاستێکی بەرچاوی پەرتبوونی سەرنجیان هەیەتوانایەکی لاوازیان هەیەلەکۆنترۆلکردنی سەرنج.

**٤-٣:** خستەڕوو و شیکردنەوەی ئەنجامی پرسیاری سێیەم :

**أ -** ئایا جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی بەدەستهێنانی کارامەییە فێرکارییەکان لای قوتابیانی پۆلی یەکەمی بنەڕەتی بەپێی گۆڕاوی، پەیوەندیکراو - پەیوەندینەکراو، بە باخچەی منداڵانەوە .

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە تاقیکردنەوەی تی (t) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ بەکارهێنراوە، ئەنجامەکانیش لە خشتەی ژمارە (٥)دا هاتووە.

**خشتەی ٥ ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی تی (t) بەپێی گۆڕاوی، پەیوەندیکراو - پەیوەندینەکراو، بە باخچەی منداڵانەوە .**

| پێوەر | جۆری پەیوەندی | ژمارەی نموونە (N) | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نرخی t: هەژمارکراو | نرخی t: خشتەیی | بەڵگەداری ئاماری (.Sig) | ئاستی بەڵگەداری (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بەدەستهێنانی کارامەییە فێرکارییەکان | پەیوەندیکراو | ٥٢ | 4.34 | 1.208 | ٦,١١ | ١,٩٨ | ٠,٥٢ | بەڵگەدارە |
| | پەیوەندینەکراو | ٤٨ | 2.77 | 1.372 | | | | |

لە خشتەی (٥)دا دەردەکەوێت، کە ناوەندە ژمێرەیی نمرەکان لە پێوەری بەدەستهێنانی کارامەییە فێرکارییەکان لای قوتابیانی پۆلی یەکەمی بنەڕەتی بەپێی گۆڕاوی، پەیوەندیکراو، بە باخچەی منداڵانەوە گەیشتە (4.34)نمرە بە لادانی پێوەری (1.208)نمرە، لە کاتێکدا ناوەندە ژمێرەیی نمرەکان لە پێوەری بەدەستهێنانی کارامەییە فێرکارییەکان بەپێی گۆڕاوی پەیوەندینەکراو گەیشتە (2.77)نمرە بە لادانی پێوەری (1.372)نمرە، دوای بەراوردکردنی ئەم دوو ناوەندە، دەرکەوت کە بەهای تی هەژمارکراو گەیشتە (٦,١١)، لەبەر ئەوەی ئەم بەهایە گەورەترە لە بەهای تی خشتەیی کە دەکاتە (١,٩٨)، هەروەها بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی (٠,٥٢) دایە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە لە ئاستی بەدەستهێنانی کارامەییە فێرکارییەکان لای قوتابیانی پۆلی یەکەمی بنەڕەتی بەپێی گۆڕاوی، پەیوەندیکراو - پەیوەندینەکراو، بە باخچەی منداڵانەوە . جیاوازیەکەش لە بەرژەوەندی، پەیوەندیکراو، بە باخچەی منداڵانەوەیە، چونکەناوەندە ژمێرەیی پەیوەندیکراو گەورەترە لە پەیوەندینەکراو.

توێژەر هۆکاری هەبوونی جیاوازیەکە دەگەڕێنێتەوە پەیوەندیکردنی منداڵ بەباخچەی، کارامەییە سەرەتاییە فێرکارییەکان وەک گـوێگرتن، گفتوگـۆ، ناسینەوەی پیت و ژمـارە و جێبەجێکـردنی ڕێنمایی، کە ئەمانە بنەمای فێربوونن لە پۆلی یەکەمی بنەڕەتی، بەدەر لەمەش باخچەی منداڵان ژینگەیەکی پەروەردەیی و فێرکاری دابین دەکات کە گەشـە بە تواناکانی بیرکـردنەوە، سـەرنج ، زمان،....هتد ، ئەمەش لە زیادبوونی کارامەییە فێرکارییەکاندا دەردەکەوێت.بەرنامەکانی باخچە زۆرجـار لەسـەر بنەمـای یـاری و چـالاکییە جیاوازەکـان دامەزراون، ئاشـنابوونی پێشـوەختە بە ژینگەی فێربـوون و ڕێسـاکانی پـۆل، وای لە منـداڵ دەکات خێراتـر لەگەڵ وانە و چالاکییەکانی قوتابخـانە بگونجێـت و ئەنجـامی باشـتر بەدەسـتبهێنێت.چـالاکییە زمـانی و هزرییەکان کە لە باخچە پێشـکەش دەکـرێن، یـارمەتی گەشـەپێدانی خوێنـدنەوە، نووسـین و بیرکاری دەدەن، کە بەشێکی سەرەکی کارامەییە فێرکارییەکانن

**ب - ئایا جیاوازی بەڵگـەداری ئامـاری لـە ئاسـتی بەدەسـتهێنانی کارامەییە فێرکارییەکان لای قوتابیانی پۆلی یەکەمی بنەڕەتی بەپێی گۆڕاوی، ڕەگەز: (کوڕ ، کچ ) بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە تاقیکردنەوەی تی (t) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ بەکارهێنراوە، ئەنجامەکانیش لە خشتەی ژمارە (٦)دا هاتووە**

**خشتەی ٦ ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی تی (t) بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز: (کوڕ ، کچ )**

| پێوەر | ڕەگەز | ژمارەی نموونە (N) | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نرخی t هەژمارکراو | نرخی t خشتەیی | بەڵگەداری ئاماری (Sig.) | ئاستی بەڵگەداری (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بەدەستهێنانی کارامەییە فێرکارییەکان | کوڕ | ٤٦ | 3.61 | 1.390 | 0.90 | ١,٩٨ | ٠,٨٠ | بەڵگەدارنیە |
| | کچ | ٥٥ | 3.58 | 1.607 | | | | |

لـە خشـتەی (٦) دا دەردەکـەوێت، کـە ناوەنـدە ژمـێرەیی نمرەکـان لـە پێـوەری بەدەسـتهێنانی کـارامەییە فێرکارییەکـان لای قوتابیـانی پـۆلی یەکەمی بـنەڕەتی بـەپێی گـۆڕاوی ڕەگەز، کوڕەکان گەیشتە (3.61)نمرە بە لادانی پێوەری (1.390)نمرە، لە کاتێکدا ناوەندە ژمێرەیی نمرەکان لە پێـوەری بەدەسـتهێنانی کـارامەییە فێرکارییەکـان بـەپێی گـۆڕاوی ڕەگەز، کچەکـان گەیشـتە (3.58)نمرە بە لادانی پێوەری (1.607)نمرە، دوای بەراوردکردنی ئەم دوو ناوەندە، دەرکەوت کـە بـەهای تی هـەژمارکراو گەیشـتە (0.90)، لەبـەر ئـەوەی ئـەم بەهایە بچوکترەلـە بـەهای تی خشـتەیی کـە دەکاتـە (١,٩٨)، هـەروەها بەڵگـەداری ئـاماری لـە ئاسـتی (0.05) دانیە، ئەمـەش ئاماژەیـە بـۆئەوەی جیـاوازی بەڵگـەداری ئامـاری نـیە لـە ئاسـتی بەدەسـتهێنانی کـارامەییە فێرکارییەکان لای قوتابیانی پۆلی یەکەمی بنەڕەتی بەپێی گۆڕاوی، ڕەگەز، کوڕ ، کچ لای هەردوو ڕەگەز وەکویەکە، ئەم ئەنجامە دەکرێت بەوە ڕوون بکرێتەوە کە قوتابیانی کوڕ و کچ لە پۆلی یەکەمی بنەڕەتیـدا لە هەمـان ژینگەی فێرکـاری و پەروەردەییـدا دەخـوێنن، هەمـان پرۆگـرامی خوێندن و ناوەڕۆکی وانەیان بۆ جێبەجێ دەکرێت و هەمان شێواز و چالاکییە فێرکارییەکان بۆیان بەکاردەهێنرێـت. بـۆیە ئەم هاوشـێوەییە لە دەرفەتە فێرکارییەکانـدا وای کـردووە ئاسـتی بەدەستهێنانی کارامەییە فێرکارییەکان لەنێوان هەردوو ڕەگەزدا جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری نەبێت.

٤-٤: خستەڕوو و شیکردنەوەی ئەنجامی پرسیاری چوارەم:

أ - ئایا جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی پەرتبونی سەرنج لای قوتابیانی پۆلی یەکەمی بنەڕەتی بەپێی گۆڕاوی، پەیوەندیکراو - پەیوەندینەکراو، بە باخچەی منداڵانەوە؟ .
بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە تاقیکردنەوەی تی (t) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ بەکارهێنراوە، ئەنجامەکانیش لە خشتەی ژمارە (٧)دا هاتووە.

**خشتەی ٧ ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی تی (t) بەپێی گۆڕاوی، پەیوەندیکراو - پەیوەندینەکراو، بە باخچەی منداڵانەوە .**

| پێوەر | جۆری پەیوەندی | ژمارەی نموونە (N) | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نرخی t | | بەڵگەداری ئاماری (Sig.) | ئاستی بەڵگەداری (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | | |
| پەرتبونی سەرنج | پەیوەندیکراو | ٥٢ | 2.55 | 722 | ٤,١١ | ١,٩٨ | ٠,٢٦٢ | بەڵگەدارە |
| | پەیوەندینە کراو | ٤٩ | 1.96 | 713 | | | | |

1. لە خشتەی (٧)دا دەردەکەوێت، کە ناوەندە ژمێرەیی نمرەکان لە پێوەری پەرتبونی سەرنج لای قوتابیانی پۆلی یەکەمی بنەڕەتی بەپێی گۆڕاوی، پەیوەندیکراو، بە باخچەی منداڵانەوە گەیشتە (2.55)نمرە بە لادانی پێوەری (722)نمرە، لە کاتێکدا ناوەندە ژمێرەیی نمرەکان لە پێوەری پەرتبونی سەرنج بەپێی گۆڕاوی پەیوەندینەکراو گەیشتە (1.96)نمرە بە لادانی پێوەری (713)نمرە، دوای بەراوردکردنی ئەم دوو ناوەندە، دەرکەوت کە بەهای تی هەژمارکراو گەیشتە (٤,١١)، لەبەر ئەوەی ئەم بەهایە گەورەترە لە بەهای تی خشتەیی کە دەکاتە (1.98)، هەروەها بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی (٠,٢٦٢) دایە، لێرەدا دەردەکەوێت، بۆجیاوازی بەڵگەداری ئاماری، لە ئاستی پەرتبونی سەرنج، لای قوتابیانی پۆلی یەکەمی بنەڕەتی بەپێی گۆڕاوی _پەیوەندی کراو – پەیوەندی نەکراو بەباخچەی منداڵان ) لەبەرژوەوەندی لە پەیوەندینەکراو بە باخچەی منداڵان، ئەمەش بۆئەوەدەگەڕێتەوە جیاوازی لە کوالێتی باخچەکان، چونکە هەموو باخچەکان یەک ئاستی خزمەتگوزاری و بەرنامەی پەروەردەییان نییە، و لە هەندێکیان گرنگی پێویست بە گەشەپێدانی سەرنج نادرێت.جیاوازی لە شێوازی فێرکردن، هەندێک باخچە زیاتر سەرنجیان لەسەر چالاکییە ئازادەکانە و کەمتر ڕاهێنان لەسەر ئاراستەکردنی سەرنج و جێبەجێکردنی ڕێنمایی دەکەن.هەروەهارۆڵی خێزان، لەوانەیە قوتابیانی نەچووە باخچە لە ماڵدا زیاتر لەلایەن دایک و باوکەوە ڕاهێنرابن، کە ئەمە کاریگەری باشی لەسەر سەرنجیان هەبوو.

**ب - ئایا جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی پەرتبونی سەرنج لای قوتابیانی پۆلی یەکەمی بنەڕەتی بەپێی گۆڕاوی، ڕەگەز: (کوڕ ، کچ ) بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە تاقیکردنەوەی تی (t) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ بەکارهێنراوە، ئەنجامەکانیش لە خشتەی ژمارە (٨)دا هاتووە**

**خشتەی ٨ ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی تی (t) بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز: (کوڕ ، کچ )**

| پێوەر | ڕەگەز | ژمارەی نموونە (N) | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نرخی t | | بەڵگەداری ئاماری (.Sig) | ئاستی بەڵگەداری (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | | |
| پەرتبونی سەرنج | کوڕ | ٤٦ | 2.22 | 786 | ٥,٩٠ | ١,٩٨ | 0.97 | بەڵگەدارە |
| | کچ | ٥٥ | 2.31 | 767 | | | | |

لە خشتەی (٨) دا دەردەکەوێت، کە ناوەندە ژمێرەیی نمرەکان لە پێوەری پەرتبونی سەرنج لای قوتابیانی پۆلی یەکەمی بنەڕەتی بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز، کوڕەکان گەیشتە (2.22)نمرە بە لادانی پێوەری (786)نمرە، لە کاتێکدا ناوەندە ژمێرەیی نمرەکان لە پێوەری پەرتبونی سەرنج بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز، کچەکان گەیشتە (2.31)نمرە بە لادانی پێوەری (767)نمرە، دوای بەراوردکردنی ئەم دوو ناوەندە، دەرکەوت کە بەهای تی هەژمارکراو گەیشتە (٥,٩٠)، لەبەر ئەوەی ئەم بەهایە گەورەترە لە بەهای تی خشتەیی کە دەکاتە (١,٩٨)، هەروەها بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی (0.97) دایە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ نەبوونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە لە ئاستی پەرتبونی سەرنج لای قوتابیانی پۆلی یەکەمی بنەڕەتی بەپێی گۆڕاوی، ڕەگەز، دەکرێت ئەم ئەنجامە بەوە ڕوون بکرێتەوە کە هەردوو ڕەگەزی کوڕ و کچ لە پۆلی یەکەمی بنەڕەتیدا لە هەمان ژینگەی خوێندن و پەروەردەدا فێردەبن، هەمان پرۆگرامی خوێندن، شێوازی وانەوتنەوە و چالاکییە فێرکارییەکان وەردەگرن و لە هەمان مەرج و بارودۆخی پۆلدا دەخوێنن. بۆیە ڕەگەز بە تەنیایی کاریگەرییەکی بەڵگەداری لەسەر ئاستی پەرتبوونی سەرنج دروست ناکات.

**٤-٣:** خستەڕوو و شیکردنەوەی ئەنجامی پرسیاری پێنجەم :

ئایا پەیوەندی لە نێوان بەدەستهێنانی کارامەییە فێرکارییەکان و پەرتبونی سەرنج لای قوتابیانی پۆلی یەکەمی بنەڕەتی هەیە؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن بەکارهێنراوە، ئەنجامەکانیش لە خشتەی ژمارە (٩)دا هاتووە.

**خشتەی ٩ ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی تی (t) بۆدوو نمونەی سەربەخۆ**

| گۆڕاوەکان | ژمارەی نموونە (N) | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن | بەڵگەداری ئاماری (.Sig) | ئاستی بەڵگەداری (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| بەدەستهێنانی کارامەییە فێرکارییەکان | ١٠١ | 3.59 | 1.505 | ٠,٦٧٠ | ٠,٠٠٠ | بەڵگەدارە |
| پەرتبونی سەرنج | ١٠١ | 2.27 | 773 | | | |

لە خشتەی (٩)دا دەردەکەوێت، کە ناوەندە ژمێرەیی نمرەکان لای قوتابیانی پۆلی یەکەمی بنەڕەتی لە پێوەری بەدەستهێنانی کارامەییە فێرکارییەکان گەیشتە (3.59)نمرە بە لادانی پێوەری (1.505)نمرە، لە کاتێکدا ناوەندە ژمێرەیی نمرەکان لە پێوەری پەرتبوونی سەرنج گەیشتە (2.27)نمرە بە لادانی پێوەری (773)نمرە، بەهای هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن گەیشتە (٠,٦٧٠)، هەروەها بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی (0.00)دایە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە بەلگەداری ئاماری هەیە لە ئاستی (0.05)، بەمەش دەرکەوت کە پەیوەندیەکی بەهێز لە نێوان بەدەستهێنانی کارامەییە فێرکارییەکان و پەرتبونی سەرنج لای قوتابیانی پۆلی یەکەمی بنەڕەتی هەیە، پەیوەندییەکە لەبەرژەوەندی بەدەستهێنانی کارامەییە فێرکارییەکانە، واتە هەرچەندە ئاستی سەرنج و ئاگاداری قوتابی بەرزتر بێت، بەدەستهێنانی کارامەییە فێرکارییەکانیش بەرزتر دەبێت سەرنج بنەمای فێربوونە. قوتابی کاتێک سەرنجی لەسەر وانەکە دەبێت، زانیارییەکان باشتر وەردەگرێت و دەتوانێت خوێندنەوە، نووسین و بیرکاری بە باشی فێربێت.پەرتبوونی سەرنج وای لێدەکات قوتابی بەردەوام لە وانەکەدا تێکچوو بێت، کە ئەمە ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر لاوازی کارامەییە فێرکارییەکان دادەنێت.قۆناغی پۆلی یەکەم بنەمای فێربوونی کارامەییە سەرەتاییەکانە، بۆیە هەر کێشەەک لە سەرنج، کاریگەری گەورە لەسەر فێربوونی ئەو کارامەییانە هەیە.

## بەشی پێنجەم

دەرئەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیازەکان

**٥:** دەرئەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیازەکان :

**٥-١:** دەرئەنجامەکان :

لەبەر ڕۆشنایی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە توێژەرکە گەیشت بەم دەرئەنجامانەی خوارەوە :-

١. بەدەستهێنانی کارامەییە فێرکارییەکانیان لای قوتابیانی پۆلی یەکەمی بنەڕەتی و لە ئاستێکی بەرزدایە.

٢. هەبونی پەرتبونی سەرنج لای قوتابیانی پۆلی یەکەمی بنەڕەتی .

٣. هەبونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری، لە ئاستی بەدەستهێنانی کارامەییە فێرکارییەکان لای قوتابیانی پۆلی یەکەمی بنەڕەتی بەپێی گۆڕاوی

**أ-** پەیوەندیکراو - پەیوەندینەکراو،بە باخچەی منداڵانەوە، جیاوازیەکەش لە بەرژەوەندی پەیوەندیکراو، بە باخچەی منداڵانەوەیە.

**ب_** نەبوونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە لە ئاستی بەدەستهێنانی کارامەییە فێرکارییەکان لای قوتابیانی پۆلی یەکەمی بنەڕەتی بەپێی گۆڕاوی، ڕەگەز، (کوڕ ، کچ) لای هەردوو ڕەگەز وەکویەکە.

4. هەبونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە ،لە ئاستی پەرتبونی سەرنج، لای قوتابیانی پۆلی یەکەمی بنەڕەتی بەپێی گۆڕاوی

**أ-** پەیوەندیکراوبەباخچەی منداڵان زیاترە لە پەیوەندینەکراو بە باخچەی منداڵان.

**ب-** نەبوونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە لە ئاستی پەرتبونی سەرنج لای قوتابیانی پۆلی یەکەمی بنەڕەتی بەپێی گۆڕاوی، ڕەگەز، (کوڕ ، کچ) لای هەردوو ڕەگەز وەکویەکە.



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٨

**٥.** هەبونی پەیوەندیەکی بەهێز لە نێوان بەدەستهێنانی کارامەییە فێرکارییەکانیان و پەرتبونی سەرنج لای قوتابیانی پۆلی یەکەمی بنەڕەتی.

**٢-٥:** ڕاسپاردەکان :

لەبەر ڕۆشنایی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە توێژەر چەندڕاسپاردەیەکی پەروەردەییانە پێشکەش دەکات کە بریتین لە:

١. مامۆستایانی پۆلی یەکەم گرنگی زیاتر بە گەشەپێدانی کارامەییە فێرکارییە بنەڕەتییەکان (خوێندنەوە، نووسین و بیرکاری) بدەن، چونکە ئەمانە ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە کەمکردنەوەی پەرتبووونی سەرنج.

٢. وەزارەتی پەروەردە خولی ڕاهێنانی بەردەوام بۆ مامۆستایان دابین بکات لەسەر ستراتیژییە فێرکارییە نوێکان کە یارمەتیدەرن بۆ زیادکردنی سەرنج و وریایی قوتابیان.چالاکی و یارییە پەروەردەییەکان زیاتر لە ناو وانەکاندا بەکاربهێندرێن بۆ بەهێزکردنی سەرنج و باشترکردنی کارامەییە فێرکارییەکان.

٣. هەڵسەنگاندنی بەردەوام بۆ ئاستی کارامەیی فێرکاری و ئاستی سەرنجی قوتابیان ئەنجام بدرێت، بۆ ناسینەوەی زووی ئەوانەی پێویستیان بە یارمەتی هەیە.

٤. هاوکاری نێوان قوتابخانە و خێزان بەهێز بکرێت بۆ دواداچوونی سەرنج و ئاستی فێربوونی قوتابی لە ماڵ و قوتابخانە.

٥. ژینگەی پۆل بە شێوەیەک ڕێکبخرێت کە هۆکارەکانی پەرتبوونی سەرنج و شڵەژانی کەم بکات.

٦. ڕاوێژکارانی پەروەردەیی و دەروونی بەشداری چالاکیان هەبێت لە هەڵسەنگاندن و یارمەتیدانی قوتابیانی خاوەن پەرتبوونی سەرنج.

٧. بەرنامەی خوێندن بە شێوەیەکی گونجاو لەگەڵ ئاستی گەشەی مێشکی و تەمەنی قوتابیانی پۆلی یەکەم دابڕێژرێت.

**٣-٥:** پێشنیازەکان :

لە پێناو برەودانی زیاتر و تەواوکردنی لایەنەکانی دیکەی ئەم توێژینەوەیە، توێژەر پێشنیازی ئەم ناونیشانانەی لای خوارەوە وەک پرۆژەیەک بۆ توێژینەوە بۆ توێژەران و قوتابیانی خوێندنی باڵا لە بواری باخچەی منداڵان دەخاتەڕوو:

١. کاریگەری بەدەستهێنانی کارامەییە فێرکارییەکان لە بەدەستهێنانی ئامانجە پەروەردەییەکان لای منداڵانی باخچە.

٢. ئەنجامدانی توێژینەوەیەک هاوشێوەی توێژینەوەکەی ئێستا بەڵام بە نمونەی جیاواز، وەک مامۆستانی باخچەی منداڵان و بەخێوکەرانی منداڵ.

٣. ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی بەراوردکاری لە نێوان بەڕێوەبەرانی قوتابخانە بنەڕەتییەکان و بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵان لە ڕووی هۆشیاری ستراتیژی.

٤. ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی بەراوردکاری لە نێوان قوتابیانی باخچەی منداڵانی حکومی و ناحکومی لە ڕووی پەرتبونی سەرنج.

سەرچاوەکان

١. سەرچاوە کوردییەکان:

١. حيدر محمد،( ٢٠١١) ، مامۆستای سەرکەوتوو لەکەسایەتی وکارو پیشەیی دا،چاپی یەکەم، (هەولێر، چاپخانەی مناره، ل٤.

٢. سابیربکر مصطفى بۆکانی،(٢٠٢٠) میتۆدی توێژینەوەی زانستی، چاپی دووەەم، (سلێمانی، چاپخانەی چوارچرا، ل١١٢.

٣. سليم،ئاشنا ابراهيم، ڕەفتاری بزێوی منداڵ و پەیوەندی بە شێوازی کۆنترۆڵکردنی پۆل لای مامۆستایانی باخچەی منداڵان (٢٠٢٢) نامەی بڵاکراوەی ماستەر زانکۆی سلێمانی ، کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت،بەشی باخچەی منداڵان.

٤. محى الدين،سرمد صلاح،ئومێد محمد حسن(٢٠٢٤) پێوەرە پێشنیارکراوەکان بۆ هەڵبژاردنی بەڕێوەبەری باخچەی منداڵان لە دیدی مامۆستایانی باخچەی منداڵانەوە لە هەرێمی کوردستان، گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە،(٢٠٢٤ل ٢٤٢).

٢. سەرچاوە عەربیەکان:

١. برتاوي الدكتورة سامية ، ٢٠٢٤، دورمؤسسات رياض الأطفال في تنمية مهارات الطفل التعليمية و الاجتماعية، رسالة منشورة، مجلة كلية التربية للبنات للعلوم الإنسانية،سوريا – جامعة دمشق.

٢. باركلي، راسل أ .(2015) .اضطراب فرط الحركة وتشتت الانتباه: دليل التشخيص والعلاج (الطبعة الرابعة). نيويورك: دار غيلفورد

٣. بوتمر،فتيحة(٢٠٢٢) العلم للسانيةو التعليمية اللغةالعربية، الممارسات للغوية،المجلد(١٣)،العد(٠١) جامعة اكلي محند أو لحاج البويرة.

٤. حددة، إيمان ،خديجة خلوف والآخرون (٢٠٢٠)دور رياض الأطفال في تنمية المهارات الاجتماعية لدى الطفل من وجهة نظر المربيات،رسالة المنشورة، جامعة محمد صديق بن يحيى -جيجل ص١٢

٥. حسن ، شحاتة، زينب النجار (٢٠٠٣) أساسيات التدريس،. دار الفكر العربي، القاهرة.

٦. الرشيدى، بشير صالح (٢٠٠٠)، منهج البحث التربوي-رؤية تطبيقية مبسطة، طبع دار الكتاب الحديث و اخرين، قاهرة

٧. رنا عبدالمنعم كريم(٢٠٢٤) برنامج علاجي معرفي سلوكي قائم علي إعادة التدوير لخفض اضطرابات تشتت الانتباه وفرط الحركة لدى تلاميذ المرحلة الابتدائية، الجامعة المستنصرية، كلية التربية الأساسية ص٥٣٤.

٨. السفياني، فاطمة ،ساما خميس (٢٠٢١) المهارات الحركية الدقيقة وعلاقتها بالاستعداد المدرسي في القراءة والكتابة والرياضيات الأطفال ما قبل المدرسة، جامعة الطائف، جامعة الملك عبدالعزيز،السعوديةص٢١٨.

٩. سلطاني، هدي ،(٢٠٢١) فاعلية برنامج تعليمي قائم على منهج منتسورى لتنمية المهارات التعليمية (القراءة -الكتابة -المفاهيم الرياضية) لدى طفل الروضة جامعة الشهد حمه لخضر- الوادي كلية العلوم الاجتماعية والإنسانية،ص١٢.

١٠.عبدالرحمن ،نورا أحمد حسين (٢٠٢٥) اضطرابات تشتت الانتباه لدى أطفال المرحلة الابتدائية، مجلة مستقبل العلوم الاجتماعية، أطروحة الدكتوراة المنشورة مجلد٢٢ العدد ٧ ص٣١.

١١. عبود، عبدالغني وأخرون(١٩٩٤) التعليم في المرحلة الأولى واتجاهات تطويره، مكتبة النهضة المصرية القاهرة.

١٢.محمد ، اسيل إسماعيل ،(٢٠٢١) تشتت الانتباه لدى طفل الروضة، رسالة الماجستير المنشورة ، الجامعة المستنصرية كلية التربية الأساسية، مجلة أبحاث الذكاء، العدد ٣٢ المجلد ١٥.

١٣. هزايمه، زيد ظاهر خلف(٢٠٢٥) أثر أساليب التدريس لدى معلمي التربية المهنية في إكساب المهارات المهنية لدى الطلبة، مجلة سلسلة العلوم التربوية والنفسية ،كلية العلوم التربية ،جامعة إربد الأهلية -الأردن. ص٦٢٧.

١٤. يوسف، د.ابراهيم سليمان عبدالواحد (٢٠١٠) المرجع في صعوبات التعليم الإنمائية والأكاديمية والاجتماعية والانفعالية. القاهرة دار الفكرالعربي.

٣. سەرچاوە بيانيەكان:

1. Judalyn S. Tan1, Julius N. Ubaub2 (2026) Teachers' Personality Traits and Their Teaching Skills, 1Southern de Oro Philippines College, Cagayan de Oro City, Philippines 2DepEd Division of Misamis Oriental, Philippines. INTERNATIONAL JOURNAL OF MULTIDISCIPLINARY RESEARCH AND ANALYSIS.

2. ZePing Shen1,2, SiFan Jia1,2, Xin Li 1,2, XiaoHong Jiang2 , Hang Zhang1,2* and Yan Tong Fang1,2* The effect of phosphatidylserine on behavioral problems in children with attention deficit hyperactivity disorder, Jenifer L. Vohs, Indiana University School of Medicine, United States, Frontiers in Psychiatry
3. Grabe, W., & Stoller, F. L. (2020). Teaching and Researching Reading (3rd ed.). Routledge .Perfetti, C. A. (1985). Reading Ability. Oxford University Press.
4. Snowling, M. J., & Hulme, C. (2021). The Science of Reading: A Handbook. Blackwell Publishing.

Sources
1. Kurdish Sources:
1. Haider Mohammed, (2011), Successful Teacher in Personality, Work and Professionalism, First Edition, (Erbil, Minara Printing House, p.
2. Sabirbakr Mustafa Bokani, (2020) Scientific Research Method, Second Edition, (Sulaimani, Chawarchra Printing House, p.
3. Salim, Ashna Ibrahim, Children's Aggressive Behavior and Relationship to Classroom Control Methods among Kindergarten Teachers (2022) Published Master's Thesis, Sulaimani University, College of Primary Education, Department of Kindergarten.
4. Mohiuddin, Sarmad Salah, Omid Mohammed Hassan (2024) Proposed criteria for selecting kindergarten directors from the perspective of kindergarten teachers in the Kurdistan Region, Journal of Halabja University, (2024, p. 242).
2. Arabic sources:
1. Dr. Samia, 2024, Children's Sports in the Development of Children's Educational and Social Skills, Published Paper, Journal of Girls' Education Faculty of Sciences Humanity, Syria – Damascus University.
2. Barclay, Russell a. (2015). Excessive movement and attraction: guidelines for diagnosis and treatment (fourth edition). New York: Dar Guilford
3. Butmer, Fatiha (2022) Science of Linguistics and Education of the Arabic Language, Practices of Linguistics, Volume (13), Number (01) University of Akli Mohand or Haj Al-Baira.
4. Hadda, Iman, Khadijah Khalouf and Akhrun (2020) The role of children's sports in the development of social skills in children from the perspective of parents, publication paper, Mohammed University Siddiq ibn Yahya - Jijal p
5. Hassan, Shahata, Zeinab al-Najjar (2003) Essentials of Teaching,. Dar Al-Fakr Al-Araby, Cairo.
6. Al-Rashidi, Bashir Saleh (2000), Educational Research Methodology- A Basic Applied Approach, Dar al-Kitab al-Hadith and Other Publishing House, Cairo
7. Rana Abdulmunaim Karim (2024) Cognitive Behavioral Therapy Program focuses on rehabilitation to reduce anxiety disorders and

encourage movement at all stages Al-Abtida'iya, Al-Mustansiriyah University, Faculty of Basic Education, p.
8. Al-Sufyani, Fatima, Sama Khamis (2021) Fine motor skills and their relationship to school children's reading, books and sports, university Al-Taif, King Abdulaziz University, Saudi Arabia, p.
9. Sultani, Hadi, (2021) Effectiveness of an educational program based on the Montsouri curriculum for the development of educational skills (reading, writing, mathematics concepts) in children Al-Shahd Hama Al-Khidr-Al-Wadi University, Faculty of Social Sciences and Humanities, p.
10. Abdulrahman, Noora Ahmad Hussein (2025) Effects of attraction in primary school children, Future Journal of Social Sciences, PhD thesis Publication Volume 22 Number 7 p3
11. Aboud, Abdul Ghani and Akhroun (1994) Education in the first stage and directions of development, Egyptian Renaissance Library, Cairo.
12. Mohammed, Asil Ismail, (2021) What is attractive to the child of the day, published master's thesis, Mustansiriyah University, Faculty of Basic Education, Journal 14. Seeking Zakah, No. 32, Vol.
13. Hazaima, Zaid Zahir Khalaf (2025) The Effect of Teaching Methods by Vocational Education Teachers on Acquiring Vocational Skills by Students, Journal of Educational Sciences Series and Psychology, Faculty of Educational Sciences, Erid Private University - Jordan. p627.
14. Yousef, Dr. Ibrahim Sulaiman Abdulwahid (2010) References in the causes of educational, academic, social and practical. Cairo House of Arabic Thought.
3. Foreign sources:
1. Judalyn S. Tan1, Julius N. Ubaub2 (2026) Teachers' Personality Traits and Their Teaching Skills, 1Southern de Oro Philippines College, Cagayan de Oro City, Philippines 2DepEd Division of Misamis Oriental, Philippines. INTERNATIONAL JOURNAL OF MULTIDISCIPLINARY RESEARCH AND ANALYSIS.

2. ZePing Shen1,2, SiFan Jia1,2, Xin Li 1,2, XiaoHong Jiang2 , Hang Zhang1,2* and Yan Tong Fang1,2* The effect of phosphatidylserine on behavioral problems in children with attention deficit hyperactivity disorder, Jenifer L. Vohs, Indiana University School of Medicine, United States, Frontiers in Psychiatry

3. Grabe, W., & Stoller, F. L. (2020). Teaching and Researching Reading (3rd ed.). Routledge .Perfetti, C. A. (1985). Reading Ability. Oxford University Press.
4. Snowling, M. J., & Hulme, C. (2021). The Science of Reading: A Handbook. Blackwell Publishing.